Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.6

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Hazhar Ahmed Mustafa
hazhar.mustafa@su.edu.krd

# ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا

**هەژار احمد مصطفی /** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

**چیایی کمال سعدی/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

RECEIVED :28 /12/2024
ACCEPTED :20/02/ 2025
PUBLISHED :15/06/ 2025

**پوختە**

ئەم هەوڵە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا، کە شیکارییەکی گشتی بۆ خستنەکار و بەرجەستەکردنی ئەم توخمانەی گۆرانی لەلایەن دانەرانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بەدرێژایی سەردەمەکانی مێژووی موزیکی ڕۆژئاوا دەکات. کرداری خستنەکار و بەرجەستەکردنی میلۆدی و سەمای نەریتی، ئاڕاستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیکییە لە موزیکی سەرجەم گەلانی سەر ڕووی زەوی و ئەورووپای ڕۆژئاوا وەک پێشەنگێک لەم بوارەدا. بێگومان ناڕوونی و کەمی توێژینەوەی کوردی بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم پراکتیزەیە لە موزیکدانەرانی ڕۆژئاوا، هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بوو. چونکە ئاشنابوون بەم شێوازەی کارکردن، بۆ ئێمەی کورد ئەرکێکی گرنگ و لە پێشینەیە، بۆئەوەی بتوانین هاوشێوەی گەلانی جیهان میراتی میلۆدی و ڕیتمی کەلەپووریمان لە ڕێگەی داڕشتنەوەیان لە فۆرمی نوێدا بپارێزین و بیانبەینە سەر تەختی شانۆ. لەهەمان کاتدا چەمکی ڕەسەنیەتی تێکەڵ بە هاوچەرخیەتی موزیک بکەین و ناسنامەی نەتەوەییمان پیشانی دنیا بدەین.

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕیتم
میلۆدی
ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری
گۆرانی کەلەپووری
موزیکی ئەرووپای ڕۆژئاوا

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. ناساندن و پێشەکی توێژینەوە

### ١.١ پێشەکی (Introduction):

بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری، وەک ئاڕاستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیک، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا هەیە. بێگومان هەلومەرج و بارودۆخی بەکارهێنانی ئەم توخمانە، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و هەر ناوچەیەک جیاوازە. لە کولتووری کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەهۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری گۆرانی و سرودەکان پێکهاتەی ئایینی بوون، بۆیە بەکارهێنانی میلۆدییە کەلەپوورییەکانی گۆرانی بە زۆری لە پێناو خزمەتکردن بە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کڵێسا بوون.

لەگەڵ پەرەسەندنی پۆلیفۆنی لە سەردەمی ڕێنیساس، موزیکدانەران بەهۆی بەکارهێنانی میلۆدی و سەمای کەلەپووری، بناغەیەکی پتەویان بۆ موزیکی پۆلیفۆنی سەردەمەکە دابین کرد و تەکنیکەکانی گۆڕانکاری (variation)، لاساییکردنەوە (imitation) و کۆنتراپۆینت (counterpoint) ی سەردەمەکەیان دەوڵەمەند کرد.

لە قۆناغی دواتردا موزیکدانەرانی بارۆک و کلاسیک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان موزیکی ئاست بەرز (نوخبە) و موزیکی خەڵکی گشتی و داهێنان لە بەرهەمەکانیان، بەکارهێنانی میلۆدی و سەما ڕەسەنەکانیان لە چوارینەکان و سیمفۆنیاکان و ئۆپێراکاندا پراکتیزە کرد.

لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەم ڕێبازەی کارکردن گەشەسەندنێکی گەورەی لە لەئەوروپا بەخۆوە بینی. ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ڕۆمانتیک و سەرهەڵدانی موزیکی نەتەوەیی (Nationalism). بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە سەرانسەری ئەورووپادا دەرکەوتن و زۆربەی وڵاتە ژێردەستەکان لەسەر بنەمای ناسنامەی کولتووری هاوبەش بەدوای سەربەخۆیی و یەکێتیدا دەگەڕان. بۆ ئەم مەبەستە دانەرانی موزیک بە ئیلهام وەرگرتن لەم بزووتنەوانە لە پێناو شانازیکردن بە کولتوور و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی وڵاتەکانیان، لە موزیکداناندا ڕوویان لە بەکارهێنانی میلۆدی و ڕیتمی سەما فۆلکلۆرییەکان کرد لەوانە، (ئێدڤارد گریگ) لەنەرویج، (ئیسحاق ئەلبێنز، ئینریکی گرانادۆس، مانوێل دی فالا لە ئیسپانیا)، (ڕالف ڤۆگان ویلیامز، فرێدریک دیلیۆس) لە ئینگلتەرا. دواتر لە سەدەی بیستەمدا دانەران لە سەرتاپای جیهان، بەتایبەت ئەمریکای لاتین، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕیتم و میلۆدییە ڕەسەنەکانیان لە هەردوو جۆری موزیکی کلاسیک و فۆلکلۆردا زیاتر چەسپاند.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، ئاڕاستەی خستنەکار و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدییە نەریتییەکان لە داڕشتنی موزیکی هاوچەرخدا، لە جاز و ڕۆکەوە تا موزیکی ئەلیکترۆنی هەر بەردەوامە. (Jourdain, 1999)

**٢.١ کێشەی توێژینەوە:** نەبوونی سەرچاوەی کوردی سەبارەت بەشیکردنەوەی ئەم ئاڕاستەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بێ ئاگاییمان لە چۆنیەتی تێکەڵکردنی ئەم توخمانەی کەلەپوور و ئامانج و فەلسەفەی بەکارهێنانیان لای وڵاتانی ڕۆژئاوادا کێشەیەکی سەرەکییە، کە بۆتە هۆی ئەوەی ئێمەی کورد،\ توخمەکانی گۆرانی کەلەپووریمان بەهەرەمەکی لە موزیکی کوردیدا بەرجەستە بکەین، بێ ئەوەی هاوشێوەی ئەم گەلانە ئامانج و مەبەستمان لە پێشدا دیاری بکەین. چونکە بەکارهێنانی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی گەلاندا، لە هەر قۆناغێک، ستراتیژ و مەبەست و پەیام و ئامانجی دیاریکراوی لەپشتەوەیە. کرداری خستنەکار و بەرجەستەکردنی ڕیتمی سەماکان و میلۆدییە باوەکان، وەک ئاڕاستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیکدانەرانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، نەخراوەتە نێو پرۆگرامی خویندنی کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە کوردستاندا. بێگومان ئەویش بەهۆی نارِوونی و کەمی توێژینەوە بەزمانی کوردی لەسەر بابەتەکە. توێژەران ئەم بۆشاییەیان وەک کێشەیەک بینی، بۆیە ئەم توێژینەوەیان ئەنجام دا.

### ٣.١ گرنگی توێژینەوە:

توخمەکانی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکدا بۆ لایەنی سوودمەند و خوێنەرانی کورد شی دەکاتەوە، هەروەها لە نزیکەوە موزیکدانەرانی کارامە و بەرهەمەکانیان لەم بوارەدا دەناسێنێت، هەروەها گرنگی و ئامانج و فەلسەفەی تێکەڵکردنی توخمە کەلەپوورییەکان لەهەر سەردەمێک ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هاوشێوەی ئەم

گەلانەی جیهان میراتی میلۆدی و ڕیتمی کەلەپووریمان لە ڕێگەی دارشتنەوەیان لە فۆرمی نوێدا بەرجەستە بکەین و بیانگوازینەوە سەر تەختی نمایش. لەهەمان کاتدا چەمکی ڕەسەنایەتی تێکەڵ بە هاوچەرخیەتی موزیک بکەین و ناسنامەی موزیکی نەتەوەییمان بە دنیا بناسێنین.

**٤.١ ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا و دەستنیشانکردنی میتۆدۆلۆژیای فەلسەفە و هۆکار و ئامانجی، گونجاندنی توخمەکانی ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپوورییە لەگەڵ ژینگە ئامێرییەکاندا لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا. هەروەها ناساندنی بەرهەم و موزیکدانەرە چالاکەکانی ئەم ئاراستە موزیکییە لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە سوود بگەیەنێتە موزیککارانی کورد، کە پاڵپشت بە لاسایی ئەم ئەزموونەی ڕۆژئاوا، کار لەسەر میراتی ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری کوردی بکەن و ناسنامەی کولتووری کوردی لە موزیکی نوێدا زیندوو بکەنەوە.

**٥.١ سنوورەکانی توێژینەوە:**

١.٥.١ سنووری جوگرافی: وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا

٢.٥.١ سنووری مێژوویی: سەدەی ناوەڕاست تا کۆتایی سەدەی بیستەم (٥٠٠ زاینی - ٢٠٠٠ زاینی).

٣.٥.١ سنووری بابەتی: ڕۆڵ و پێگەی ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا.

**٦.١ شیکردنەوەی زاراوەکان:**

١.٦.١ **ڕیتم (Rhythm):** هەموو گۆڕانکاری و جووڵەیەکی ڕێکخراوە لە سروشتدا، کە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و بەیەکچوو دووبارە دەبێتەوە، (سلمان، ١٩٩٣، ل؟). لە موزیکدا ڕیتم بریتییە لە ڕێکخستنی دەنگەکان یان نۆتەکان بە پێی کات، کە بە beat دەپێورێت. بەو پێیەی ئەو دەنگە موزیکییانەی کە ئاوازەکان پێک دەهێنن بۆ یەکەی یەکسان ڕێک دەخات، هەروەها نۆتەکانی ئاواز بۆ یەکە یەکسان و جیاوازەکانیان بە پێی کورتی و درێژی کاتی هەر جۆرێکیان ڕێک دەخات. (أمين، ٢٠٠٢).

٢.٦.١ **میلۆدی (Melody):** میلۆدی یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی موزیک، بریتییە لە زنجیرەیەک دەنگی موزیکی ڕێچکە ئاسۆیی میانە جیاواز، کە دانەرانی موزیک لۆژیکییانە بەپێی هەست و هزر و سەلیقەی هونەری بونیاتی دەنێن. (Matthews & Thompson, 2004)

٣.٦.١ **گۆرانیی (Song):** لە فەرهەنگی عەرەبیدا: ئەم وشانەن کە بە شێوەی شیعر و پەخشان و وتار دەچڕدرێن، یان دەربرینی دەنگ و قسەن بەشێوەی چڕین، کە کێش و هاوسەنگی و ڕێکخستنێکی هاوئاهەنگ لە دەربڕینی دا هەبێت. (علی، ١٩٨٢).

٤.٦.١ **گۆرانی کەلەپووری (Cultural Song):** مەبەست لە گۆرانی کەلەپووری کۆمەڵێک ئاواز و میلۆدی و وشە و تێکستێکی ئەدەبییە، کە لە ڕابردوودا لە لایەن باپیرانەوە چڕدراون و بەم شێوەیە بوون بە میرات، بۆیە لە ڕێگەی ئەم گۆرانییانەوە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەرکییەکانی دەزانرێت. لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە ئەم گۆرانییانە زۆرگرنگن، لەوەی کە مەیلی تاک بەهێز دەکات، بەجۆرێک زیاتر بە زێدی خۆیەوە دەینوسێنێت. (شاکر، ٢٠٢٣)

٥.٦.١ **موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوا (Western European Music):** ئاماژەیە بۆ هەموو جۆرە ستایل و شێوازەکانی موزیکی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، وەک ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، کە بە درێژایی مێژووی موزیکی کلاسیکی ئەوروپا لە سەدەی ناوەڕاستەوە تاکو سەدەی بیستەم و ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێت گەشەی کردووە. (Solomon, 1998)

٧.١ **میتۆدەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە. توێژەران لە پێناو شیکردنەوەی بابەتی بەکارهێنان و تێکەڵکردنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی گەلانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، پشتیان بە گەلێک پەرتووک و سەرچاوەی نووسراو بە جۆر و زمانی جیاواز بەستووە، وەک سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

**٨.١ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:** گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە توێژەران لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگرتووە، بریتین لە یوتوب، فەیسبوک، بەرنامەی سبلیۆس، ئامێری مۆبایل، کتێب، تێزی دکتۆرا، نامەی ماستەر، وێب سایت و لاپتۆپ.

**٩.١ کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە موزیکی کۆمەڵگای ئەوروپای ڕۆژئاوا، لە سەردەمی ناوەڕاستەوە تاکو ئەمڕۆ.

**٢. میتۆدۆلۆژی**

**١.٢ مێژووی موزیکی کلاسیکی لە ئەوروپا:**

دیاریکردنی سەردەمەکانی موزیک، لە خودی سەردەمەکاندا ئەنجام نەدراوە، بەڵکو بە فەرمی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەک کاریێکی بە کۆمەڵ لە لایەن موزیککاران و مێژوونووسان و ڕەخنەگرانەوە دیاری کراوە. دوای ئەوەی تێبینیان کرد، تەکنیکەکانی موزیکدانان و تێڕوانینی فەلسەفی و ستایلەکانی موزیک، بە پێی کولتووری کۆمەڵگاکان و قۆناغەکانی مێژوو لە یەکدی جیاوازن. (Taruskin, 2012) گرنگی ئەم دابەشکردنەی موزیک لەوەدا بوو، کە تێگەیشتنی ئێمەی بۆ چۆنیەتی پەرەسەندنی گشت لایەنەکانی موزیک و کاریگەرییە کولتوورییەکان و ئەو زەمینە مێژووییە گشتییەی کە کاریگەری لەسەر موزیک هەبووە، ئاسان کرد. چونکە سنووری مێژووی ئەم سەردەمانە تا ڕادەیەک چوونەتە نێو یەکدی و تێکەڵاون. (Burkholder& Grout., 2019)

سەردەمی ناوەڕاست ٥٠٠–١٤٠٠ (Medieval music): کە یەکەمین و درێژترین سەردەمی موزیکی کلاسیکی ئەوروپای ڕۆژئاوا بوو، بە هۆی ئەوەی زۆرینەی موزیک لەو کاتەدا موزیکی دەنگی (Vocal) بوون، بۆیە سەردەمەکە پەرەسەندنی فۆرمی موزیکی دەنگی جۆراوجۆری لە شێوازەکانی (گریگۆری، ئۆرگانۆم، مۆتێت، تریسێنتۆ مادریگال،کانۆن) ی بەخۆیەوە بینی. داهێنانی نووسینی موزیک لە سەدەی نۆیەمدا، هۆکارێکی سەرەکی بوو، کە موزیکی دەنگی ئاڵۆزتر نووسران و بە وریایی زیاتر پێشکەش کران. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانە چنینی پۆلیفۆنی (polyphony) سەری هەڵدا. (Hoppin, 1978)

لە سەدەی ناوەڕاستدا سیستەمی دیاتۆنیک واتە پەیژەکانی دیاتۆنیک (مێجەر و ماینەر)، کە ئەمڕۆ ئێمە بەکاری دەهێنین دانەمەزرا بوو، بەڵکو موزیک لەسەر بنەمای مۆدەکانی گریکی دروست دەکرا. هەر موزیکدانەرێک ئەو مۆدەی هەڵدەبژارد، کە لەگەڵ هەستی موزیکەکەی بە گونجاوی دادەنا، چونکە کارەکتەری هەر مۆدێک لە موزیکی سەدەی ناوەڕاستدا هەستێکی جیاوازی بۆ پێشنیار کرابوو. (Wiering, 1998)

لە بەکارهێنانی نۆتەی موزیک لە سەدەی ناوەڕاستدا، ڕووبەڕووی سێ جۆر نوسینی نۆتە دەبینەوە. کە بریتین لە نۆتە نوسینی (ئەلفۆبێیی، نیوماتیک، مێنسوراڵ).

بۆ نۆتە نوسینی ئەلفوبێیی لە سەدەی شەشەمدا پیتەکانی لاتینیان بەکارهێناوە، کە ئەم جۆرە نۆتە نوسینە تەنیا تایبەت بوو بە ژەنینی ئامێرەکان نەک بۆ وتن. زیاتر لە نێو کتێبە تیۆرییەکاندا بەکاردەهێنرا، کە تەنها دەستنیشانی بەرزی و نزمی چینی نۆتەکانی دەکرد، هەروەها لە موزیکی دەنگی و گۆرانییە یەک هێڵییە ئایینی و دنیاییەکان، کە بە مۆنۆدیک (Monodic) ناسراون. جۆرە نۆتە نووسینەوەیەکی دیکەیان لە سەدەی نۆیەمدا بەکارهێناوە، کە بە نیوماتیک (Pneumatic) ناسراوە. ئەم جۆرەیان جگە لە چینی دەنگەکان، جۆری میانەکانیشی بە وردی دیاری کرد، بەڵام هەر دوو جۆر نەیانتوانی بە وردی شێوازێکی ڕوونی تێگەیشتنبۆ ژەنیاران دەستەبەر بکەن، چونکە داهێنانی پۆلیفۆنی پێویستی کرد جۆرێکی تر لە نۆتە نووسین دابهێنرێت، کە جگە لە دیاریکردنی بەرزی و نزمی چینی نۆتەکان و میانەکانیان، دەستنیشانی خایاندن و درێژی و کورتی کاتەکانیشیان بکات. لە ئەنجامدا جۆری سێیەم لە نۆتە نووسین لە سەدەی سیانزەهەمدا داهێنرا، کە بە مێنسوڕاڵ (Mensural) ناسراوە. کۆنترین بەڵگەی سەدەی ناوەڕاست کە زنجیرەی دەنگەکانمان بە پیتە لاتینییەکان بۆ دیاری دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەم. (Cohen, 2006)

لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمدا، قۆناغێکی نوێ لە بوژانەوەی شارستانییەت و موزیک لە ئەوروپادا ڕوویدا، کە بە ڕێینسانس Renaissance ناسراوە، کە ماوەی نێوان (١٤٠٠–١٦٠٠) ی خایاند. لەم سەردەمەدا جیهان پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی لە هەموو بوارەکان بەخۆیەوە بینی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر

هەموو لایەنەکانی ژیان. جۆهانیس گۆتنبێرگ (Johannes Gutenberg)[1] ئامێری چاپی داهێنا و بووە هۆی ئەوەی هەموو شتە نووسراو و دۆزراوەکان بە چاپ بگەیەنرێن و تۆمار بکرێن. بەم هۆیەوە فەلسەفە فیکرییەکانی گریکی کۆن کە پێشتر پشتگوێ خرابوون، هەمووی وەرگێردران و لە چاپ دران. (Burke, 1997)
ئەوگۆڕانکارییانە، بەشێوەیەکی دیار لە بواری موزیکییشدا لەسەر دەستی موزیککارانی وەک (گییۆم دوفەی، ژۆسکان دی پرێس، ئۆرلاندۆ دیلاسۆ و جۆڤانی داپالێسترینا) و زۆرێکی دیکە ڕەنگی دایەوە، کە موزیکییان لە زۆر لایەنەوە بەرەو پێش برد و ڕێزمانێکی نوێی دنیاییان بۆ دانا. دامەزراندنی قوتابخانەی فرانکۆ فلێمیش (Franco Flemish)[2] لە هۆڵەندا و بەلجیکا، گەورەترین سەرچاوەی گۆڕانکاری موزیکی سەردەمەکە بوو، کە بابەتە پۆلیفۆنی و کۆنتراپۆینتی و فیوگ و کانونەکانی بە گۆرانی و لیریکی دنیایی موتربە کرد.
ڕووداوە سیاسی ، ئابووری و ئاینییەکان، بوونە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە شێوازەکانی ئاوازدانان و بڵاوکردنەوەی موزیک و سەرهەڵدانی فۆڕمی موزیکی نوێ و پەرەسەندنی ئامێرە موزیکییەکان. دوای ئەوەی لە ئامێرسازیدا، بنەماڵەی سترادیڤاری لە ئامێری ڤیۆلین و بنەماڵەی مۆیشل لە ترۆمپێت، وەرچەرخانی گەورەیان بە ئامێرەکان دا. (Taruskin & Gibbs, 2012)
لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا، لە ساڵی ١٥٠١ چاپکەری ڤینیزایی (ئۆتاڤیانۆ پێتروچی) بۆ یەکەم جار کۆمەڵە کارێکی موزیکی پۆلیفۆنی بڵاو کردەوە، کە بریتی بوو لە کۆمەڵێک بەرهەمی هارمۆنیزەکراوی وەک (شانسۆنی فەرەنسی، مادریگالی ئیتاڵی، تێنۆرلیدەری ئەڵمانی، ڤیلانسیکۆی ئیسپانی و گۆرانی ئینگلیزی). پێتروچی بەم کارەی گواستنەوەی موزیکی لە ڕێگای گوێوە یان دەماو دەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دواتر لە تەواوی ئەورووپا وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا و شوێنەکانی دیکە گۆڕی بۆ موزیکی نووسراو، ئەمەش بووە هۆی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە دەستنووس و چاپکراوە موزیکییەکان ئاشنا ببن. کتێبەکانی نۆتە بە زۆربەی ئەورووپادا بڵاو بوونەوە و خەڵکی بەبێ جیاوازی فێری خوێندنەوەی موزیک بوون، کە پێشتر تەنیا لەلایەن دامەزراوە ئاینییەکان یان کڵێسا و ماڵە زۆر دەوڵەمەندەکانەوە فێربوونی موزیک فەراهەم کرابوو. (Taruskin, 2005)
سەردەمی زێڕینی موزیکی کلاسیکی ئەورووپا، لە ماوەی نێوان ١٦٠٠ تا ١٧٥٠، دەستی پێکرد، کە بە موزیکی باڕۆک (Baroque music ) ناسراوە، چونکە هەموو ئەو هەوڵانەی لە سەردەمانی پێشوو بۆ پێشخستنی میلۆدی و هارمۆنی درابوون، لێرەدا کران بە ڕێباز و بنەما لە موزیکدانانەدا، بە پراکتیکی پەیرەو کران و بناغەی موزیکی کلاسیک داڕێژرا. داهێنانی پەیژە (مێجەر و ماینەر) مکان، داهێنانێکی زۆر گرنگ بوو، کە لەسەر دەستی یۆهان سباستیان باخ جێگیر کرا و سیستەمی پەیژەی موزیکی ڕۆژئاوایی لەسەر بونیاتنرا.
ئامێرسازی و موزیکدانان و فۆڕمەکانی موزیک و ئۆرکێسترا، پەرەسەندنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی. چەندین فۆڕمی موزیکی دەنگی و ئامێریی نوێ وەک (سۆناتا، کۆنشێرتۆ، ئۆپێرا، ئۆراتۆریۆ، پاسیۆن، کانتاتا، تۆکاتا، کانسۆنانس، داکاپۆ ئێریا، سۆلۆ سۆناتا، تریۆ سۆناتا، چەمبەر دوێت، پرلیۆد، فیوگ، کۆڕاڵ پرلیۆد) داهێنران. (Volcansek, 2001)
ئامێرسازی و ئۆرکێسترەیشن لە سەردەمی باڕۆکدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کە بووە هۆی دروستبوونی گرووپی ئامێرە موزیکییەکان لە نێو ئۆرکێسترادا. ئۆرکێسترای باڕۆک بەپێی جۆری ئامێرەکان بەسەر گرووپە ئامێرییەکانی وەک ژێدارەکان و فودارە تەختەییەکان و مسیەکان دابەشکران و ژمارەی ژەنیارانیش لە هەر گرووپێکی ئەم ئامێرانەدا لە یەک ژەنیارەوە بۆ چەند ژەنیارێک زیاد کرا بەتایبەتی لە تیپە ئۆرکێستراییە گەورەکاندا، کە لە کۆشک و دیوەخانی پاشاکانی وەک لویسی چواردەهەم نمایشیان ئەنجام دەدا. (Boyd, 1993)

[1] جۆهانیس گۆتینبێرگ (Johannes Gutenberg): پیشەوەر و وەستا و داهێنەرێکی ئەڵمانی بوو، کە لە ماوەی نێوان (١٤٠٦ – ١٤٦٨) دا ئامێری چاپی داهێنا. لەگەڵ ئەوەی پێشتر ئامێری چاپ لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەکاردەهێنرا، بەلام ئەم داهێنانەی بێرگ جوڵەیەکی خێرای بە چاپەمەندی لە ئەورووپا داو شۆڕشێکی زانیاری گەورەی بەرپاکرد و سەرچاوەیەکی زانیاری چاپکراوی بێ ژماری بە ئەورووپا و پاشان بە هەموو جیهان بڵاوکردەوە. (عبدالله، ٢٠١٢)

[2] قوتابخانەی فرانکۆ فلێمیش (Franco Flemish): پێی دەوترێت قوتابخانەی هۆڵەندی یان قوتابخانەی بۆرگۆندی یان وڵاتانی نزم، ئاماژەیە بۆ شێوازی پێکهاتەی موزیکی فرە دەنگی (پۆلیفۆنی) کە لە فەرەنسا و هۆڵەندای بۆرگۆندییەوە لە ماوەی نیوان سەدەی پازدەهەم و شازدەهەم سەرچاوەی گرتووە. بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە لە دوای شۆڕشی چاپەمەنی بڵاوکرانەوە. (Brown, 1999)

ئەم داهێنانانەی بارۆک بووە هۆی ئەوەی ئیتر وردە وردە، دانراوە ئامێرییەکان و هۆڵی کۆنسێرت دروست بوون و گروپی ئۆرکێسترایی ٢٠-٣٠ کەسی لە هەموو شوێنێک پەیدا بوون. چەمبەر موزیک (موزیکی سالۆن) لە کۆشک و هۆڵە داخراوەکان هێنرایە دەرەوە و موزیک بوو بە پیشە و کۆمپۆزەران بژیوی ژیانیان بەهۆیەوە پەیدا کرد. (Carter & Butt, 2005)

یەکێکی دیکە لە سەردەمەکانی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوا، خودی سەردەمی کلاسیک خۆیەتی لە ماوەی نێوان (١٧٥٠ –١٨٢٠) دا. ئەم قۆناغە بە پێچەوانەی موزیکە ئاڵۆزەکەی بارۆک، جەختی لەسەر ڕەنگینی و سادەیی میلۆدییەکان دەکردەوە. مۆتزارت، هایدن و بیتهۆڤن وەک موزیکدانەرە کاریگەرەکانی سەردەمەکە، بەهۆی شارەزاییان لە فۆڕمەکانی (سیمفۆنی، ئۆپێرا، کۆنشێرتۆ و سۆناتای پیانۆ، چوارینەی ژێدارەکان). توانیان موزیکێک بەرهەم بهێنن، هەم لە ڕووی تەکنیکییەوە ورد و هەم لە ڕووی سۆزدارییەوە قووڵ.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی موزیکی کلاسیک جەختکردنەوە بوو لەسەر گرنگی میلۆدی و ڕوونی لە دەربڕین. موزیکدانەران هەوڵیان دەدا موزیکێک دروست بکەن، وردبینی هونەری تێدا پارێزراو بێت. بەگشتی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی موزیکی کلاسیک بریتین لە ڕوونی، سادەیی، فۆڕماڵیزم، هاوسەنگی و قووڵی سۆزداری.

ئەم شێوازە کارکردنەی دانەرانی کلاسیک، بووە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک فۆڕمی موزیکی نوێی وەک سۆناتا ئەلێگرۆ[3]، کە بوو بە جووڵەیەکی ستاندارد لە نێو فۆڕمە موزیکییە ئامێرییەکانی وەک (سیمفۆنی، سۆناتا، کۆنشێرتۆ و چوارینەی ژێدار). (Knaak, 1989)

ئۆرکێسترەیشن و ئامێرسازی ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە دارشتنی تێمبەری دەنگی موزیکی سەردەمی کلاسیکدا هەبوو، کە جەخت لەسەر ڕوونی دەنگی ئامێرەکان و پێشخستنی توانای دەربڕینیان لە ئۆرکێسترادا کرایەوە و چیتر هارپسیکۆرد توانای دەربڕینە وردەکان و داینامیکەکانی موزیکی کلاسیکی نەبوو، بۆیە ئامێری پیانۆ فۆرتی جێگای هارپسیکۆری گرتەوە، لە ئەنجامی داهێنانەکان لە ئامێرسازیدا. ئۆرکێسترای سەردەمی کلاسیک لە ڕووی قەبارەوە، زۆربوون و زیادبوونی ئامێری نوێی لە بەشە ئامێرییەکاندا بەخۆوە بینی. گروپی ژێدارەکان، کە بڕبڕەی پشتی ئۆرکێسترا بوون کەمانەکانی یەکەم و دووەم و ڤیۆلا و چەلۆ و کۆنتراباس گەورەترین بەشیان لە ئۆرکێسترا پێک دەهێنا. ژمارەی ژەنیارانی لە هەر گروپێکی نێو ئۆرکێسترادا زیاد بوون، لە ژێدارەکان بۆ ٦-٨ ژەنیاری کەمانی یەکەم و دووەم، ٤ ڤیۆلا، ٤ چەلۆ و ٢ کۆنتراباس.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا ڕۆمانتیک داهێنانی بێ ئەندازەی لە موزیکدا بەرپا کرد. موزیکی تاکژەنی پیانۆ (Piano Solo)، درامای موزیکی (Musical drama)، شێوازی گۆرانییە هونەرییەکان (Songs art Led)، سیمفۆنیای بەرنامەی (Program symphony) و سیمفۆنیای شیعری (Symphonic poem) سەرباری فۆڕمەکانی پێشووی سەردەمی کلاسیک، وەک فۆڕمی نوێ دەرکەوتن. کۆمەڵێک قوتابخانەی موزیکی نیشتیمانی تێدا دروست بوو، موزیکدانەر و ژەنیاری بەناوبانگی وەک (هیکتۆر بێرلیۆس، فرێدریک شۆپان، فێلیکس مێندڵسۆن، ڕۆبەرت شۆمان، فراز لیست، یۆهانس برامز، پیتەر ئیلیچ چایکۆڤسکی و ڕیچارد ڤاگنەر) لە سەرەتادا، هەروەها ( گۆستاڤ ماهلەر، ڕیچارد شتراوس، جیاکۆ مۆپۆچینی، جان سیبلیۆس، کامیل سانت سانس، گابرێڵ فۆرێ و سێرجی ڕەحمانینۆڤ) لە کۆتایی سەردەمەکەدا ڕۆڵی گەورەیان بینی. (Samson, 2001)

تاکژەنی پیانۆ (Piano solo) وەک باوترین و بەناوبانگترین موزیکی ڤیرتۆزەکان[4] ناوبانگی دەرکرد و سەردەمەکە زۆرترین پارچە موزیکی لەم جۆرەی بەخۆوە بینی.

---

[3] سۆناتا ئەلیگرۆ: (Sonata–Allegro): یەکێک بوو لە گرنگترین فۆرمی سەردەمی کلاسیک. کە یەکەم جووڵەی سۆناتا، سیمفۆنیا، کۆنشێرتۆ و کوارتیتەکانی پێکهێنا و لە سێ بەشی سەرەکی وەک (نمایشکردن (Exposition)، پەرەپێدان (Development) و نمایشکردنەوە (Recapitulation) پێک دێت. (Rosen, 1997)

[4] ڤیرتیۆس (Virtuose): کەسێکە کە ئاستێکی نائاسایی لە پێرفۆرمانسی تەکنیکی و ژەنین لەسەر ئامێرێکی موزیک یان دەنگی خۆی نیشان دەدات. بەمانایەکی دیکە، ئەو شارەزاییەی کە ئەو بەدەستی دەهێنێت، زۆر لە توانای ئاسایی کەسانی دیکە زیاترە و ئەوەی کە بە ئەو ئەنجام دەدرێت هەموو کەس ناتوانێت ئەنجامی بدات، تواناکانی لەسەرووی توانای خەڵکی ئاسایی دایە و زۆرجار داهێنانی هونەری لێ بەرهەم د ێت. (Zohn, 1996)

لە پەرەسەندنی موزیکی ئامێرەکاندا ڕۆمانتیک وەرچەرخانێکی مەزنی هێنا کایەوە. یەکێک لە پێشکەوتنەکان پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی توانای ژەنینی ئامێری پیانۆ بوو، هەروەها گۆڕانکاری لە شێوە و دیزاینی ئامێرە ژێدارەکانی وەک ڤایۆلین و چەلۆ و کۆنتراباسدا کرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کوالیتییەکی دەنگی دەوڵەمەندتر بەرهەم بهێنن. توانای ژەنینی ئامێرە مسییەکان بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ڤاڵڤ (Valve)[5] لە ساڵی ١٨١٥ لە لایەن موزیکژەنانی وەک هاینریچ ستۆلزێل Heinrich Stolzel فریدریش بلومێلی بەرلین Friedrich Blume Berlin دەوڵەمەند کران. جگە لەوەش ئامێرە فودارە تەختەییەکان لە ڕێگای زیادکردنی کلیلی نوێ، توانای ژەنینیان فراوانتر کرا، ئەمەش بواری دا کە ژەنینە نەرمەکان بە ئاسانی بەم ئامێرانە جێبەجێ بکرێن، هەروەها داهێنانی ساکسۆفۆن لەلایەن ئەدۆلف ساکسەوە (Antoine-Joseph Adolphe Sax) لە ماوەی نێوان ١٨١٤-١٨٩٤ دەنگێکی نوێی بۆ دانراوە ئامێرییەکانی ڕۆمانتیک زیاد کرد.

بەگشتی ئەم پێشخستنەی ئامێرە موزیکییەکان لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا، نەک هەر ئەگەرەکانی بۆ دانەرانی موزیک فراوانتر کرد، بەڵکو قووڵایی سۆزداری و دەربڕینی موزیکیشی لە سەردەمەکە دەوڵەمەنتر کرد، بەهۆی داهێنانەکانی ئامێرسازی فەرەنسی هیکتۆر بێرلیۆز (Berlioz Hector) لە ماوەی نێوان ١٨٢٠-١٨٩٠ پێشکەوتنە بەرچاوەکانی لە ئامێرسازیدا. ئۆرکێسترا لە ڕووی قەبارە و جۆراوجۆری ئامێرەکانەوە بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشوو فراوانبوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ژمارەی ژەنیارەکان لە ٣٠-٤٠ ژەنیارەوە گەیشتە ٧٠-١٠٠ ژەنیار و لە ڕووی ئامێرسازییەوە ئامێری نوێی ناساند و بەشەکان لە نێو گروپە ئامێرییەکان ژەنیاری زیاتریان بەخۆوە بینی، ئامێری نوێش بۆ هەر سێ گروپی فودارە تەختەیی و مسی و ڕیتمییەکان زیاد کران.

سەدەی بیستەم (١٩٠٠-٢٠٠٠) پێشکەوتن و گۆڕانکاری خێرا لە گشت بوارەکانی ژیان ڕوویدا. گەورەترین ڕووداوی مێژوویی کە تیایدا کاریگەری تەواوی لەسەر کۆمەڵگا هەبوو، هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگی سارد بوو لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت. لە ئەنجامی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا، کێبڕکێی ئایدیۆلۆژی و سەربازی لە نێوان وڵاتاندا ڕوویدا. داگیرکاری بووە هۆی ئەوەی، کە دەوڵەتە داگیرکراوەکانی پێشوو لە ئەفریقیا و ئاسیا و کاریبیا لە ئەمریکا سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، کە ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری بەرچاو لە بواری ڕامیاری و سیاسیدا (Adas & Schwartz)

موزیکی سەدەی بیستەم، بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەبێت، کە بریتین لە قۆناغی سەرەتای سەدەی بیستەم (١٩٠٠-١٩٤٥)، قۆناغی کۆتایی سەدەی بیستەم (١٩٤٥-٢٠٠٠). هۆکاری ئەم دابەش بوونە، بەهۆی جیاوازی موزیکی ئەم قۆناغانەوەیە، لە شێواز، فۆرم، هارمۆنی و کۆنتێکستی کولتووریدا. لە ئەنجامی پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییە بەرچاوەکان لە ڕەوتی هونەریدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ململانێ جیهانییەکان و گۆڕانی هەڵوێستە کولتوورییەکانەوە ڕوویاندا. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا (١٩٠٠-١٩٤٥)، موزیک شێوازی نوێی لە هارمۆنی و فۆرم و شێواز و کاریگەری بەخۆیەوە بینی، وەک هارمۆنی ناکۆک (Dissonance Harmony) ، موزیکی ئەتۆنال (Atonality) ، کرۆماتیک (chromaticism) پۆلیتۆنالیتی (polytonality)، بۆ نموونە ئیگۆر ستراڤینسکی لە بەرهەمی (ڕێوڕەسمی بەهاردا) (Rite of Spring) پۆلیتۆناڵیتی بەکارهێناوە، کۆڕدی پەیژەی جیاوازەکانی لەسەر یەکتر کۆکردووەتەوە و پێکهاتەیەکی چڕ و ناکۆک و ڕیتمیکی ئاڵۆزی بۆ دروست کردووە، کە لەگەڵ هارمۆنییە دەوڵەمەند و سۆزدارییەکانی موزیکدانەرانی ڕۆمانسیدا تەواو جیاوازە. دانەران یاسای فۆرمەکانی ڕۆمانتیکیان تاڕادەیەکی زۆر شکاند و ڕوویان لە بەکارهێنانی پێکهاتەی فۆرمی نوێ کرد. گرنگترین شێوازەکانی موزیک بریتی بوون لە کاریگەرایی (انطباعی) Impressionism دەربڕینگەرایی (تعبیری)، (Expressionism)، کلاسیکی نوێ (Neoclassicism) ، موزیکی نەتەوەیی (Nationalism).(Whittall, 2003) .

دوای جەنگی جیهانی دووەم، کە لە موزیکدا بە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم (١٩٤٥-٢٠٠٠) دادەنرێت، موزیک و هونەر لە هەردوو وڵاتی ڕوسیا (یەکێتی سۆڤیەت) ی ئەوکات و ئەڵمانیا گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، چونکە حکومەتەکان هەوڵیان دەدا دەربڕینی هونەری بە ئایدۆلۆژیای سیاسی تایبەت کۆنترۆڵ بکەن. لەم

[5] ( Valveڤاڵڤ ): ئەو پارچە بۆڕییە بچووکە کانزاییە بوو، کە بە بەمەبەستی درێژکردنەوەی ژەنینی فیبراتۆکان لە ئامێرە فودارە مسیەکاندا داهێنرا، بەهۆیەوە توانای ژەنینی میلۆدی و هارمۆنییە ئاڵۆزەکان لەلایەن ئامێرە مسیەکان زیاتر کرا. (Klaus, 20176)

وڵاتانەدا کاریگەریی بزووتنەوە سیاسییەکانی پێشوو، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە ئەڵمانیای نازی و کۆمۆنیزمی سۆڤیەت، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاڕاستە و تەوەری موزیکدا هەبووە. لە ڕوسیا حکومەتی سۆڤیەت سانسۆرێکی توندی خستە سەر موزیک و پەرەی بەو بەرهەمانە دەدا کە پابەند بوون بە ریالیزمی سۆسیالیستی (socialist realism). ئەم جوانیناسییە ئامانجی ڕەنگدانەوەی خەبات و سەرکەوتنەکانی سۆسیالیزم بوو و مەبەست لێی پەیوەندی پتەو بوو بە خەڵک. هەر بەرهەمێک پشتگیری بەها سۆسیالیستییەکانی نەکردبا قەدەغە دەکرا و موزیکدانەران ڕووبەڕووی لێکەوتەی توند دەکرانەوە، بۆیە شێوازی موزیکدانەرانی سۆڤیەت وەک دیمیتری شۆستاکۆڤیچ و سێرگی پرۆکۆفیڤ، پێویست بوو ئەم سنوورانە بپارێزن. بۆ نموونە شۆستاکۆڤیچ زۆرجار ڕەخنەی توندی دژ بە حکومەت لەناو موزیکی خۆیدا چەسپاند، هەروەها ناسیۆنالیزمی سۆڤیەت لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەی کە ڕۆڵیان لە بەکارهێنانی میرات و فۆلکلۆر و مێژووی ڕوسی گێڕا و جەختی لەسەر کرایەوە. تەوەری نەریتی ڕوسی و میلۆدی فۆلکلۆر و بابەتە نیشتمانپەروەرییەکان هاوتەریب لەگەڵ ئامانجە فراوانەکانی ئایدۆلۆژیای سۆڤیەت بۆ دروستکردنی کولتوورێکی سۆڤیەتی دیار هاندەدران،

لە ئەڵمانیا ئەو بیروباوەڕە نەرێنییەی کە نازییەکان سەبارەت بە خراپ ناوزەندکردنی موزیکی مۆدێرن و ئاڤاگارد[6] هەیانبوو ڕەتکرانەوە. کە موزیکی مۆدێرن و ئاڤانگارد و ئاتۆناڵیان قەدەغە کرابوو. لە بەرانبەردا موزیکدانەر و ڕۆشنبیران لە ئەڵمانیا خۆیان لە بەها فاشیستیەکانی نازییەکان دوور خستەوە و ئامێزیان لە پراکتیزەکردنی مۆزیکی ئاڤانگارد و ئاتۆناڵی و مۆدێرن گرت. موزیکدانەرانی وەک کارلهاینز ستۆکهاوسن و لویجی نۆنۆ ڕوویان لە سیریالیزم و موزیکی ئەلیکترۆنی و تەکنیکە مۆدێرنەکان کرد، کە لەلایەن نازییەکانەوە قەدەغە کرابوون. ئەم بزووتنەوە هونەرییە تەنها ڕێگەیەک نەبوو بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی هونەری، بەڵکو پەیامێکی سیاسیش بوو بۆ ئایدۆلۆژیا ستەمکارەکەی نازییەکان، کە کۆمەڵگای ئەڵمانیایان لە چەکەکانی نوێخوازی و بەها کولتوورییە مۆدێرنەکان دابڕاندبوو لە موزیکی نەتەوەییدا. هەندێک لە موزیکدانەران بە گومانەوە سەیری میلۆدییە باو کەلەپوورییەکانیان دەکرد، چونکە وەک بەشێک لە ڕابردووی فاشیستی نازییەکانیان دادەنا، ئەمەش وای کرد، جگە لە میلۆدی کەلەپووری بە دوای زۆرێک لە تەوەرە گشتگیرەکانی دیکەدا بگەڕێن، کە سەرەنجیان لەسەر مرۆڤایەتی و بوونگەرایی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وەک بابەتێکی سەرەکی لە موزیکدا بێت.

ڕەتکردنەوەی (پێکهاتی گۆرانییە کەلەپووریەکان) و (ئایدۆلۆژیای ڕژێمە تاکڕەوە ستەمکارەکان)، بووە هۆی گەشەکردنی بزووتنەوە ئاڤانگاردەکان، کە لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمریکادا. موزیکدانەران تاقیکردنەوەیان لەسەر فۆرمی نوێ و موزیکی ئەلیکترۆنی و داهێنانی دیکە کرد. ئەم بزووتنەوەیە بەشێکی کاردانەوە بوو بەرانبەر بە مەترسییەکانی شەڕ، هونەرمەندان بەدوای فۆڕمەکانی دەربڕیندا دەگەڕان کە ئاڵۆزی و بێهیوایی و زەبر و زەنگی ئەو سەردەمە بگەیەنن.

گرنگترین شێواز و قوتابخانە موزیکییە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوون، لە مینیمالیزم (Minimalism) ، سیریالیزم (Serialism) ، موزیکی ئەلیکترۆنی (Electronic music)، ئاڤاگارد جاز (Avant-garde jazz) ، مایکرۆتوناڵ (Microtonal music)، پۆستمۆدێرنیزم (Postmodernism). (عارف، ٢٠٢٤)

### ٢.٢ ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی گەلاندا.

موزیک وەک فۆرمێکی هونەری گشتگیر و ئاوێنەیەک بۆ ناساندنی کولتوور و مێژووی وڵاتانی جیهان کار دەکات. کاریگەرترین ڕێگا بۆ ناساندنی ناسنامە و شوناس و کولتووری گەلان، بەکارهێنانی ڕیتم و میلۆدی کەلەپوورییە لە موزیکدا، بەتایبەت ئەو میلۆدییانەی کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک داکوتاوە. بۆ ئەم مەبەستە وڵاتان لە سەرانسەری جیهاندا، لە فرە ڕیتمییە ئاڵۆزەکانی ئەفریقاوە بگرە تا میلۆدییە فۆلکلۆرییە

[6] **ئاڤانگارد (Avangard):** ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێبازە موزیکییە نوێیانەی، کە لە سەدەی بیستەم تاقی کرانەوە و داهێنران، کە موزیکییان لە نەریتە کلاسیکییەکان ڕزگار کرد، یان بە واتایەکی دیکە، داهێنانی پێکهاتە و دەنگ و تەکنیک و دەربڕینە نوێیەکانی سەدەی بیستەم بوو، کە یاسا و سنوورەکانی (ڕیتم، میلۆدی، هارمۆنی و فۆڕم) شکێنران و چیتر موزیک شێوازێکی ئاشنا نەبوو. هەموو نۆتێک هەم پرسیارێک و هەم وەڵامێک بوو، کە هارمۆنی جوانییەکانی خۆی لە ناتەبایی دەنگەکاندا دۆزیەوە. جازی ئاڤانگارد توخمەکانی جاز لەگەڵ پێکهاتە تاقیکارییەکان تێکەڵ دەکات، بە بەکارهێنانی هارمۆنی ناتەبا، فۆرمی ئازاد و تەکنیکە ئامێرییە ناستانداردەکان. ئۆرنێت کۆڵمان و جۆن کۆلترین لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵی بەرچاویان لەم شێوازە موزیکییەدا گێڕا. (Cage, 1961)

هیندییەکان، سرودە ڕەسەنەکانی ئەمریکا و سەما و میلۆدییە فۆلکلۆرییەکانی ئەوروپا و ڕیتمە تایبەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ژانەرە جیاوازەکانی موزیک بەکارهێنراون.

بەرجەستەکردنی ئەم توخمانە لە موزیکدا، شوناسی ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی هەر میللەتێک بەرجەستە دەکەن و دڵنیایی ئەوەش دەدەن، کە بە شێوەیەکی هاوسەنگ هەم میراتە کولتوورییەکان پارێزراوبن هەم کرداری داهێنان بەرجەستە بێت. (Bhabha, 1994)

ئەفریقیا کە بە هۆی ڕیتمە ئالۆز و نامۆکانی، بە وڵاتی لەدایک بوونی ڕیتم ناوبانگی دەرکردووە. موزیککارانی وڵاتەکە بە بەکارهێنانی فرە ڕیتمە ڕەسەنەکان و ئامێرە هەمەجۆرە ڕیتمییەکان، کەلەپووری وڵاتەکەیان لە ڕێگای ئامێری (djembe)[7] ئامێرە ڕیتمییەکانی دیکەی وەک تەپڵی قسەکەر (Talking Drum)[8] کۆرا (kora)[9] پاراستووە. بەهۆی (بازرگانیکردن بە کۆیلەکان)[10] نەریتە موزیکییەکانی ئەفریقیا گواسترانەوە بۆ ئەمریکا. لە ئەنجامدا ئەم ڕیتمانە کاریگەرییەکی گەورەیان لە موزیکی جاز، بلوز و هیپ هۆپ دروست کرد. (Southern, 1997)

سەبارەت بە ئەوروپا بەپێی وڵاتە جیاوازەکان جۆرەها شێوازی سەما و میلۆدی و ڕیتمی زۆر دڵڕفێنی فۆلکلۆرییان تێکەڵ بە موزیک کرد. بۆ نموونە: لە ئیرلەندا سەمای فۆلکلۆری جیگ و سێلتیک (Celtic Jig)، ئیسپانیا ڕیتمەکانی فلامینکۆی و لە ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بریتانیا و تەواوی وڵاتانی دیکە. لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا سەمای سلاڤی و والز و پۆلکا و پۆلێنێز مازورکای پۆڵەندی لەلایەن بیلابارتۆک، ئەنتۆنین دڤۆراک و فرێدریک شۆپینەوە، شێوازی جیاوازیان پێشکەش بە موزیکی کلاسیک کرد. (Taruskin, 2010)

لە باشووری ئاسیا و بە تایبەتی لە هیندستانیش، ڕاگا (Raga) و تالاس (Thalas)، وەک دوو توخمی فۆلکلۆری، ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕێوڕەسمەکانی هیندۆسی و فۆڕمەکانی سەمای کلاسیکی هیندی وەک بەهاراتاناتیام (Bharatanatyam)[11] و کاتاک (Kathak)[12] دا بینی، هەروەها موزیکی هیندی کاریگەری لەسەر ستایلی (جاز فیوژن[13]) بەجێهێشت. ڕاڤی شەنکار بەهۆی ئامێرە میلییەکانی وەک سیتار (sitar) و تەبلا (tabla) جیهانی سەرسام کرد. (Craske, 2007)

---

[7] دجیمب (Djembe): ئامێرێکی میللی ڕیتمییە لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا، لە شێوەی تەپڵی ئاسایی دایە (.Nketia, 1974 )

[8] تەپڵی قسەکەر (Taking Drum): تەپڵێکی میللی ڕۆژئاوای ئەفریقایە، بە هۆی پیاکێشان بە دار دەژەنرێت. دەتوانرێت دەنگەکەی بەجۆرێک ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی تۆن و دەنگی قسەکردنی مرۆڤ وەربگرێت. دوو سەری تەپڵی هەیە لە پێست، کە ڕێگە بە ژەنیار دەدات لاسایی کردنەوەی دەنگی مرۆڤی پێ بژەنێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

[9] کۆرا (Kora): ئامێرێکی ڕەسەن و فۆلکلۆری ژێدارە لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا، سندوقێکی دەنگی گەورە و دەنگێکی بەرز و گەشاوەی هەیە. (Kuipers, 2001)

[10] بازرگانیکردن بە کۆیلەکان: بازرگانی کۆیلە کۆچێکی زۆرەملێی خەڵکی ئەفریقیا بوو لە ڕێگای زەریای ئەتلەسییەوە بۆ ئەمریکا، لە ناوەڕاستی سەدەی شازدە تاکو سەدەی نۆزدەهەمی خایاند. لەم پڕۆسەدا، نزیکەی ١٢,٥ ملیۆن تاکی ئەفریقی لە ژێر بارودۆخێکی دڕندانەدا بە زۆرەملێ گواسترانەوە بۆ ئەمریکا، تەنها نزیکەی ١٠,٧ ملیۆن کەس لەو پڕۆسەیەدا ڕزگاریان بوو. ئامانج لەو پڕۆسەیە، کارپێکردنی ئەم ئەفریقیانە بوو لەسەر کێڵگەکانی شەکر و تووتن و پەتاتە و برنج و بەرووبوومەکانی دیکە لە ئەمریکا.(Eltis, 2000)

[11] بەهاراتاناتیام (Bharatanatyam): شێوازێکی سەمای ڕەسەنی خەڵکی شاری تامیلنادویە لە هیندستان. کە بەجوڵەی پێیەکان و جەستەیەکی نەرم و ئاماژەکانی دەست ئەنجام دەدرێت، کە پێی دەوترێت (مودرا). ئەم سەمایە بە موزیک و ڕیتم ئەنجام دەدرێت، کە زۆرجار چیرۆکە ئەفسانەییە هیندۆسییەکان دەگێڕێتەوە، کە بۆ پەرۆشی بۆ خودا و پەیوەندییە ڕوحانییەکان لەخۆ دەگرن. (Gaston, 2017)

[12] کاتاک (Kathak): فۆرمێکی سەمای کلاسیکە لە باکووری هیندستانەوە کە بە جووڵەی خێرای پێیەکان و خولانەوە بەدەوری خۆیاندا ئەنجام دەدرێت. سەماکاران بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکان ئاماژەی دەست و دەربڕینی دەموچاو و جوڵەی ڕیتمیک بەکاردەهێنن. (Kang ,20205)

[13] فیوژن (Fusion): بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو یان زیاتر شێوازی موزیکی جیاواز بەیەکدی. کە زۆرجار پێکهاتەکانی وەک ڕیتم، میلۆدی، هارمۆنی، ئامێر، یان تەکنیک لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە تێکەڵ دەکات. بۆ نموونە، جاز فیوژن، موزیکی جاز لەگەڵ ڕۆک یان موزیکی ئەلیکترۆنی تێکەڵ دەکات. بەگشتی فیوژن واتە تێکەڵکردنی موزیکی کەلەپووری کولتووره جیاوازەکان، بە ستایلە هاوچەرخەکان لە پێناو داهێنانی بابەتی سەرسورهێنەر. لە ئەنجامی پراکتیزەکردنی ئەم تەکنیکە، ستایلەکانی وەک هیندۆ-جاز، فلامینکۆ ڕۆک و ئەفرۆبیت سەریان هەڵدا. (Mudhaffer, 1999).

لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پەیژەی پێنتاتۆنیک (pentatonic scale)[14] و نەریتە کۆنەکان لە چین و ژاپۆن و کۆریا، ڕۆڵی گەورەیان لە موزیکی فۆلکلۆری دا بینی. ئامێرەکانی وەک (گوچین) لە چین، (کۆتۆ) لە ژاپۆن و (گایاجیۆم) لە کۆریا، سەرچاوەی موزیکی فۆلکلۆری و کەلەپووریان لە موزیکی مۆدێرندا چەسپاند. (McClure,2003) ئەمریکا وەک کۆزەیەکی تواندنەوەی نەریت و کولتووره موزیکییە جیاوازەکان، تێکەڵەیەکی لە ڕەسەنایەتی ڕیتم و میلۆدی ئەفریقیا و ئەوروپا و ئەمریکا، وەک سرودەکانی ئەمریکی و شێوازە فۆلکلۆرییە ئەفریقییەکان دروست کردووە. لە ئەنجامی ئەم تێکەڵ کردنە شێوازە هاوچەرخەکانی وەک سامبا، تانگۆ، جاز و بلوز لە ئەمریکا لەدایک بوون. (Lena and Peterson, 2012)

موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مۆد (مەقام)، شێوازە ڕیتمە ئاڵۆزەکان، لە ڕێگای ئامێرەکانی وەک عود و قانون و دەربوکا بەشێکی سەرەکییان لە موزیکی کەلەپووری پێک هێنا. مۆد و ڕیتمەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەک هەر موزیکی کەلەپووری ناوچەکەیان ناساند، بەڵکو دەنگدانەوەیەکی گەورەشیان لە موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوادا تۆمارکرد و خۆیان لە نیو موزیکی کلاسیکی جیهانیشدا دۆزیەوە. (Farraj & Abou Shumays, 2006) لە ئۆقیانووس و زەریای هێمندا کە ناوچەیەکی هاوبەشە لە نیوان قارەی ئاسیا و ئۆستراليا و ئەمریکای باکور و باشور، ڕیتمە فۆلکلۆرییەکان کە نموونەی ڕەسەنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری ناوچەکەن، وەک سرودەکانی پۆلینیزیا، ژەنینی دیدجیریدۆ (Didgeridoo)[15] ی ڕەسەنی ئوستراليا و سەمای هاکای ماوری، ڕۆڵی بەرچاویان لە فۆرمە موزیکییەکانی سەردەمی نوێ و موزیکی جیهانیدا گێڕاوە. (Baker, 2019)

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین، ڕیتم و میلۆدییە کەلەپوورییەکان تەنیا بەشێک نین لە ڕابردوو بەجێمابن، بەڵکو موزیکی زیندوو و پەرەسەندنی دیمەنی موزیکی هاوچەرخیان لە جیهانیدا پێک هێناوە. لە سەرانسەری جیهاندا بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ موزیکی مۆدێرن و پردی پەیوەندی نێوان کولتوورەکان و ناساندنی ناسنامە و شوناسی گەلانیان بونیاتناوە.

### ٣.٢ ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوادا.

بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری، وەک ئاڕاستەیەکی فراوانی کارکردنی موزیک، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە موزیکی ئەوروپای ڕۆژئاوادا هەیە. بێگومان هەلومەرج و بارودۆخی بەکارهێنانی ئەم توخمانە، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازە. لە کولتووری کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەهۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری گۆرانی و سروودەکان پێکهاتەی ئایینی بوو، بەکارهێنانی ئەم توخمە کەلەپوورییانە، بە زۆری لە پێناو خزمەتگەیاند بە ڕێورەسمە ئاینییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کڵێسا بوون. لەگەڵ پەرەسەندنی پۆلیفۆنی لە سەردەمی ڕێینساس موزیکدانەران بە هۆی بەکارهێنانی میلۆدی و سەمای کەلەپووری، بناغەیەکی پتەویان بۆ موزیکی پۆلیفۆنی سەردەمەکە دابین کرد. تەکنیکەکانی گۆڕانکاری (variation)، لاساییکردنەوە (imitation) و کۆنترپۆینت (counterpoint) ی سەردەمەکەیان دەوڵەمەند کرد، لە قۆناغی دواتردا موزیکدانەرانی بارۆک و کلاسیک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان موزیکی ئاست بەرز (نوخبە) و موزیکی خەڵکی گشتی، لە هەمان کاتدا، داهێنان لە بەرهەمەکانیان. میلۆدی و سەما ڕەسەنەکانیان، لە چوارینە و سیمفۆنی و ئۆپێراکان بەکارهێنا.

لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. ئەم ئاڕاستە کارکردنە گەشەسەندنێکی گەورەی لە موزیکدا بەخۆیەوە بینی، کە سەرەتا لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەستی پێکرد. ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ڕۆمانتیک و سەرهەڵدانی موزیکی نەتەوەیی (Nationalism). بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە سەرانسەری ئەوروپادا دەرکەوتن و زۆربەی وڵاتە ژێردەستەکان لەسەر بنەمای ناسنامەی کولتووری هاوبەش بەدوای

---

[14] پەیژەی پێنتاتۆنیک (pentatonic scale): پەیژەی پێنتاتۆنیک: بریتییە لە پەیژەی موزیک لە پێنج دەنگدا، بە واتایەکی دیکە بریتییە لە پەیژەی دیاتۆنیک جگە لە میانە نیو پلەییەکان. بەزۆری لە موزیکی فۆلکلۆر و بلوز و موزیکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەکاردەهێنرێت. (Kang, 2012)

[15] دیدجیریدۆ (Didgeridoo): شێوازە ژەنینێکی ڕەسەنی ئوسترالییە، کە دەنگی فرۆکە بە ئامێرە فودارەکان لاسایی دەکەنەوە و دەژەنن. ژەنیاران ژەنینی ئەم شێوازە، بە لەرزاندنی لێو لەسەر دەمەوانە یان پیکی ئامێرە فودارەکان بەرهەم دەهێنن، کە پێویستی بە هەناسەی درێژ و بەردەوام هەیە و لە کاتی ژەنیندا پێویستە ژەنیار لە ڕێگای لوتەوە هەناسە بدات. (Pannell, 2013)

سەربەخۆیی و یەکێتیدا دەگەڕان. بۆ ئەم مەبەستە دانەرانی موزیک بە ئیلهام وەرگرتن لەم بزووتنەوانە لە پێناو شانازیکردن بە کولتوور و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی گەلەکانیان، ڕوویان لە بەکارهێنانی میلۆدی و سەما فۆلکلۆرییەکان کرد. (فریدریک شۆپان، ئەنتۆنین دڤۆراک و میکایل گلینکا) بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی موزیکیان دامەزراند و دواتر لە سەدەی بیستەمدا، دانەران لە سەرتاپای جیهان، لەوانەش ئەمریکای لاتین، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، زیاتر ڕیتم و میلۆدییە ڕەسەنەکانیان لە هەردوو جۆری موزیکی کلاسیک و فۆلکلۆریدا چەسپاند. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، ئاراستەی خستنەکار و بەرجەستەکردنی ڕیتم و میلۆدییە نەریتییەکان لە داڕشتنی موزیکی هاوچەرخدا، لە جاز و ڕۆکەوە تا موزیکی ئەلیکترۆنی بەردەوامە. (Jourdain, 1999)

## ١.٣.٢ ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لەموزیکی سەدەکانی ناوەڕاست.

لەگەڵ ئەوەی بەشی هەرە زۆری موزیکی سەدەکانی ناوەڕاست گۆرانی سادە و پێکهاتەی دەنگی کڵێسا بوون، بەڵام گەشەسەندنی پۆلیفۆنی لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمدا، لە لایەن موزیکدانەرانی قوتابخانەی نۆتردام، کرداری تێکەڵکردنی میلۆدی و سرودە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکانی لە موزیکدا زیاتر کرد، ئەمەش بەهۆی زۆری هێڵە میلۆدییەکان لە پۆلیفۆنیدا، کە پێویست بوو هەر هێڵێکیان میلۆدی تایبەت بەخۆیان هەبێت. بە تێپەڕبوونی کات لە سەدەی چواردەهەمدا موزیکدانەرانی هونەری نوێ (Ars Nova)[16] ، لە نێویاندا (فیلیپ دی ڤیتری و گیلۆم دی ماشۆ) بەکارهێنان و تێکەڵکردنی ڕیتم و میلۆدی کەلەپوورییان لە پێکهاتە پۆلیفۆنییەکانیاندا پەرەپێدا. بە تایبەتی (گیلۆم دی ماشۆ)[17] ژمارەیەکی زۆری موزیکی بیزەنتینی تێکەل بە شیعرە لیریکییەکانی کردووە و بە پۆلیفۆنییەکی زیندوو و ڕەنگاوڕەنگ دەقەکانی پێشکەش کردووە. تروبادۆرەکان گرووپێکی دیکە بوون لە بەرهەمە دنیاییەکانیاندا. لەمیانی گەڕانە مەیدانییەکانیان گۆرانی کەلەپووری ناوچە جیاوازەکانیان پێشکەش کرد و بە تەواوی ئەورووپادا بڵاویان کردنەوە.

سرودەکانی گریگۆری و گۆرانییە سادەکان لە ئەنجامی تێکەڵکردنی میلۆدییە کەلەپوورییەکان هەواداری زۆریان بۆ پەیدا بوو، ئەمەش ستراتیژێکی تۆکمەی کڵێسا بوو لە پێناو دەوڵەمەندکردنی گۆرانییەکانی کڵێسا. هەروەها (قوتابخانەی نۆتردام)[18] لە پاریس. لەکۆتایی سەدەی دوانزەهەمدا سادەترین فۆرمی میلۆدی و ڕیتمە فۆلکلۆرییەکانیان لە ئاوازەکاندا بەرانبەر بە دەقە پیرۆزەکانی کلێسا جێگیر کرد و کۆت و بەندی میلۆدی موزیکی کڵێسایان شکاند و میلۆدییە چەق بەستووەکانی کڵێسایان شکست پێ هێنا. (McClymonds, 2004)

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، بەکارهێنانی میلۆدییە کەلەپوورییەکان نەک هەر تەنها پێکهاتە و دانراوەکانی سەردەمی ناوەڕاستی دەوڵەمەند کرد، بەڵکو بناغەی دروستبوونی فۆرمەکانی ئەمڕۆی دانا و ئۆرگانۆم و فۆرمە پۆلیفۆنییەکان، بوونە بناغەی دروستبوونی هارمۆنی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم.

## ٢.٣.٢ ڕیتم و میلۆدی کەلەپووریی لەموزیکی سەردەمی ڕێنسانسدا.

لە سەرەتای سەردەمی ڕێنێسانسدا، بەکارهێنانی میلۆدی و سەمای فۆلکلۆری لە چەندین ناوچەی ئەورووپا لە موزیکدا بە فراوانی ڕەنگی دایەوە، بەڵام گەشەسەندنی ئەم پراکتیزەیە بەپێی نەریتی کولتووری و موزیکی وڵاتەکان، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە جیاواز بوو. یەکەم ئەزموونی تێکەڵکردنی ئەم توخمانە لە موزیکی ڕێنسانسدا، بۆ (فەرەنسا، ئیتاڵیا) دەگەڕێتەوە، کە دوو ناوەندی گەشەسەندنی نەریتە فۆلکلۆرییەکان و داهێنان

---

[16] ئاڕس نۆڤا (Ars Nova): ئارس نۆڤا کە بە واتای هونەری نوێ دێت، بزوتنەوەیەکی موزیکی بوو لە سەدەی چواردەهەمدا لە فەرەنسا. کە موزیکدانەرانی وەک (فلیپ دی ڤیتری و گلیۆم دی ماشۆ) پەرەیان بە موزیکی پۆلیفۆنی دا. (Encyclopaedia Britannica, 2024)

[17] گویلۆم دی ماشۆ: فەیلەسوف و بیرکار و موزیکدانەریکی دیاری ئارس نۆڤا بوو، کە لە هەردوو جۆری موزیک دینی و دنیایی نەک هەر سرود و گۆرانی نەریتی و فۆلکلۆری بە موزیکی هونەری بەستەوە، بەڵکو بە پێکهاتە پۆلیفۆنییەکانی ئاراستەی موزیکی سەدەی ناوەڕاستی گۆڕی. (Grove, 2001)

[18] قوتابخانەی نۆتردام: کۆمەڵەیەکی نافەرمی بوو لە موزیکدانەران و تیۆریستەکانی موزیک لە پاریس، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٢، موزیکی پۆلیفۆنیان لە (ئۆرگانیۆم) ەوە پەرەپێدا. گرنگترین موزیکدانەرانی بریتین لە لیۆنین و پیڕۆتین. (Christensen, 2002)

بوون لە پۆلیفۆنی و موزیکی ئامێرییدا. بۆ موزیکدانەرانی قوتابخانەی بۆرگۆندی ناوچەی بۆرگۆندی کە دەکاتە (فەرەنسا و بەلجیکا) ی ئەمڕۆ، هۆکارەکەشی بۆ زیندوویی کولتووری ناوچەکە و بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نەریتە فۆلکلۆرییەکان و کڵێسا لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە. گویلۆم دوفای ( ١٣٩٧-١٤٧٤) و جیل بینچۆیس (١٤٠٠-١٤٦٠)، لە بەرهەمە ئایینییەکانیاندا، میلۆدییە دنیاییەکانیان چەسپاند. بەتایبەتی (Lhomme arme)[19] د ا. (Carter, 1997)

برانل، پاڤانی و گالیارد سەرەتاییترین ئەو سەما فۆلکلۆرییانە بوون، کە لە فەرەنسا بە شێوەیەکی سیستەماتیک تێکەڵ بە موزیک کران، ئەمەش لە ئەنجامی داهێنانی ئامێرەکانی چاپکردن بوو لەو سەردەمەدا، کە هۆکارێکی سەرەکی بوو لە خێرا بڵاوکردنەوەی موزیک و سەما فەرەنسییەکان. ئیتاڵیا دووەمین وڵاتی پێشەنگ بوو، کە موزیککارانی سەما فۆلکلۆرییەکانی وەک (سالتاریلۆ و پاسامێزۆ) یان لە بەرهەمەکانییاندا بەکارهێنا. فرانسیسکۆ لاندینی (١٣٢٥-١٣٩٧)، یەکێک بوو لەو موزیکدانەرانەی، کە لە تێکەڵکردنی میلۆدییە ڕەسەنەکان لە بەرهەمە پۆلیفۆنییەکانیدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. بەتایبەت لە موزیکی ئامێریدا، کە لەم سەردەمەدا سەما فۆلکلۆرییەکان لە موزیکی ئامێری لوت (lute) دا، لە لایەن (ڤینسێنزۆ گالیلی) دوە پراکتیزە کرا. لە ئەڵمانیا، ئەلیماندا (Allemande) و کۆرێنت (courante) باوترین دوو سەمای فۆلکلۆری ئەڵمانین، کە لە سویتەکان و موزیکی ئامێریی پۆلیفۆنیدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنراون.

موزیکدانەرانی ئینگلیز لە ئینگلتەرا، بە هەمان شێوە لە هەردوو جۆر موزیکی دینی و دنیاییدا، توخمە فۆلکلۆرییەکانیان جێگیر کردووە. بەرهەمەکانی (ویلیام بێرد)، کە کۆمەڵێک پارچە موزیکن بۆ هارپسیکۆد، دیارترین نموونەی بەکارهێنانی توخمە فۆلکلۆرییەکان پێشان دەدەن. بەتایبەتی پارچە موزیکی کچانی فیتزویلیام (Fitzwilliam's Girls) زۆرترین ڕەنگدانەوەی سەما فۆلکلۆرییەکانی تێدا بەدی دەکرێت. لە ئیسپانیا موزیکی ڤیۆلا لەلایەن (لویس دی میلان و ئەلۆنسۆ مودارا) دا، زۆرترین سەمای فۆلکلۆریان لەخۆگرت. هۆڵەندا، بەلجیکا و باکووری فەرەنسا، کە بە وڵاتانی نزم ناسراون، میلۆدی و سەمای فۆلکلۆری، جێی `پەنجەی دیاریان لە بەرهەمە پۆلیفۆنییەکان بەجێهێشت.

موزیکدانەرانی وەک (جۆسکین دیس پریز و تیلمان سوساتۆ)، کە سەرکردایەتی بەکارهێنانی میلۆدی فۆلکلۆریان لە بەرهەمە پۆلیفۆنییە ئاڵۆزەکاندا دەکرد، ڕۆڵی گەورەیان لەم بارەیەوە گێڕا. لەم ڕوانگەوە کۆمەڵە موزیکە سەماییەکەی تیلمان سوساتۆ بە ناوی دانسێری (١٥٥١)، کە بریتین لە کۆمەڵێک موزیکی سەما بەناوبانگەکانی وەک (پاڤانی، گالیارد و برانلی، ساڵتاریلۆ، ئەلیماندا ) نموونەیەکی دیارە، کە کاریگەری نەریتی ناوچەکە لەسەر موزیکی ئامێریدا ڕوون دەکاتەوە. باس و برانل، وەک دوو سەمای فۆلکلۆری ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەکەدا هەیە. لە چۆنیەتی پراکتیزەکردنی کرداری تێکەڵکردنی میلۆدی و سەما فۆلکلۆرییەکان، لە فۆرمە پۆلیفۆنی و کۆنتراپۆینتییەکاندا. موزیکدانەرانی ڕێنسانس هەندێک جار میلۆدییە ڕەسەن و دنیاییە ناسراوەکانیان وەک هێڵێکی میلۆدی جێگیر لە جیاتی (cantus firmus) بەکاردەهێناوە. (Caldwell, 1991)

### ٣.٣.٢ ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی سەردەمی بارۆکدا

خستنەکار و بەرجەستەکردنی سەما و میلۆدی کەلەپووری لە بەرهەمی موزیکدا، ڕێگایەک بوو کە موزیکدانەرانی بارۆک لە پێناو زیادکردنی دەربرینی سۆزداری لە بەرهەمەکانیاندا گرتیانە بەر. بۆ ئەم مەبەستە زۆرجار ئیلهامیان لەو میلۆدییە فۆلکلۆرییانەوە وەرگرت، کە ڕەگ و ڕیشەی پتەویان لە ژیان و نەریتی ڕۆژانەی خەڵکدا داکوتا بوو. هەرچەندە بە هۆی کاراکتەری دنیایی میلۆدییەکان، ناکۆکییەکی توند لەگەڵ شێوازی فۆرمە موزیکییەکانی نێو کڵێسا دروست بوو، بەڵام لە ئەنجامدا تێکەڵکردنی ئەم توخمانە، هەستی ڕەسەنایەتی و پەیوەندی کولتووری کۆمەڵگای زیاد کرد و جیاوازی چینایەتیشی لە کۆمەڵگادا نەهێشت.

---

[19] Lhomme arme : یەکێکە لە بەناوبانگترین میلۆدییە دنیاییەکان، کە لە جیاتی هێڵی (cantus firmus) لە موزیکی ڕێنێسانسدا بەکارهاتووە. ئەم میلۆدییە لە ماوەی سەدەی پازدەهەمدا وەک گۆرانییەکی فەرەنسی ناسراو سەرچاوەی گرت و بووە بنەمایەکی باو و بەکارهێنراوی بەرفراوان بۆ پێکهاتە پۆلیفۆنیەکان، بە تایبەت لە ڕێکخستنەکانی ماس دا. (Tyson, 2005)

میلۆدییە فۆلکلۆرییەکان ڕێچکەی خۆیان لە نێو فۆڕمە موزیکییە جۆراوجۆرەکانی باڕۆک وەک ئۆپێرا و کانتاتا و بەرهەمە ئامێرییەکاندا دۆزییەوە. مەبەستی موزیکدانەرانی باڕۆک، لە تێکێڵکردنی ئەم میلۆدییە فۆلکلۆرییانە، بەبیرهێنانەوەی دیمەنی گوندەواری و نەریتە ڕەسەنە لادێییەکان بوو، کە هەوایەکی سادەیی و سۆزدارییان بە بەرهەمەکانیان بەخشی. ئەم پراکتیزەیە تەنیا هەڵبژاردنێکی هونەری نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوتە کولتوورییە فراوانە بوو، کە هەم هونەرێکی ئاست بەرز و هەم نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکانی پەرە پێدا.

بەهۆی پەیوەندی پتەوی ئەم میلۆدییە کەلەپوورییانەوە بە خەڵک، شێوازێکی نوێی هارمۆنی و ڕیتمیان لە بەرهەمەکانیان داهێنا. کۆمەڵێک شاکاری داهێنەرانەیان نووسی و بەئاسانی لە پێکهاتە و فۆڕمە موزیکییە کۆنتراستە ئاڵۆزەکانی سەردەمەکەدا لەلایەن خەڵکەوە قبوڵ کران، بەمەش دانەرانی باڕۆک کەلەپووری گۆرانییان بە موزیکی کلاسیک بەستەوە و نەریتە کولتوورییەکانیان بۆ سەر شانۆ گەورەکانی ئەوروپا گواستەوە. جۆرج فیلیپ تێلێمان توانایەکی ناوازەی لە تێکەڵکردنی فۆلکلۆری پۆڵەندی و ئەڵمانی لە سویتە ئۆرکێسترایییەکانی و چوارینە ژێدارەکانی تاقیکردەوە. دوای ئەوەی لە میانی گەشتێکی فراوانی بۆ ئەم ناوچانە بەشێکی زۆر میلۆدی فۆلکلۆری کۆکردەوە و بە شێوەیەکی لێهاتووانە کاری لەسەر کردن. (Schulenberg, 2006)

موزیکدانەرانی وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپای سەردەمی باڕۆک، ڕێبازی جیاوازیان بۆ هێنانە ناوەوەی میلۆدی کەلەپووری لە بەرهەمەکانیاندا گرتوتەبەر، لە ئیتاڵیا (ئەنتۆنیۆ ڤیڤاڵدی) و (ئارکانجێلۆ کۆرێلی) زۆربەی بەرهەمە ئامێرییەکانیان بە سەما و ئاوازی فۆلکلۆری زیندووی سەر شەقام و فێستیڤاڵ و ئاهەنگەکان بونیاتناوە و میلۆدییەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت لە کۆنشێرتۆکان و سۆناتاکاندا تواندۆتەوە و سۆزێکی ئاشنا و ئاڵۆزیان بە بەرهەمەکان بەخشیوە. بەکورتی میراتی ئەم پراکتیزەیە دوو لایەنە بوو، لە لایەک ناسنامە موزیکییە ناوچەییەکانی لەناو موزیکێکی کلاسیکی پەرەسەندوودا پاراست. لە لایەکی دیکەوە دڵنیایی ئەوەی دا، کە نەریتە فۆلکلۆرییەکان لەناو شاکارە بەرزەکانی موزیکی ڕۆژئاوادا لەناو ناچن و بە نەمریی دەمێننەوە.(Schulenberg, 2001)

**دیارترین** بەرهەمی موزیککارانی سەردەمی باروک، کە لەسەر بنەمای ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری موزیکیان بونیات ناوە ئەمانەی خوارەوە بوون:

**١.٣.٣.٢یۆهان سباستیان باخ (١٦٨٥- ١٧٥٠):**

**-سویتەکان:** کۆنشێرتۆکانی براندنبێرگن کە ژمارەیان ٦ کۆنشێرتۆیە بۆ ئامێرەکان، کە ڕیتمی سەما فۆلکلۆرییەکانی وەک: گیگ، مینوێت و پاسپید لەخۆدەگرن.

سویتە ئۆرکێسترالییەکان هەر سویتێک ئۆڤەرتیورێکی فەرەنسی هەیە و دواتر زنجیرەیەک جووڵەی سەمای فۆلکلۆری وەکو ئەلماندا، کورانت، ساراباند، بۆرێ و گیگ لە خۆدەگرن. هەروەها سویتەکانی چەلۆ، کە سەما فۆلکلۆرییەکانی وەک، ئالێماندا، کورانت، سارابان، مینوت، بۆری و گیگ لەخۆدەگرن.

سویتەکانی فەرەنسی کۆمەڵێک سویتن بۆ پێکهاتەی سویتەکانی سەمای باڕۆک پەیڕەو دەکەن، لەگەڵ جووڵەکان کە لەسەر بنەمای سەماکانی وەک ئەلماندێس، کورانتێس و سارابانديێس دامەزراوە.

**-بەرهەمە ئاینییەکان:**

کۆڕاڵە لۆتەرانییەکانی لە سرودە فۆلکلۆرییەکان و کانتاتاکانی لە میلۆدییە سادە و ناسراوەکانیان وەرگرتووە، بە پۆلیفۆنی ئاڵۆزە دایڕشتوون.

-کانتاتاکان: لە زۆربەیاندا میلۆدی فۆلکلۆری وەک توخمێکی یەکگرتوو بەکارهێناوە.

-پارتیتاکانی کەمان.

**٢.٣.٣.٢جۆرج فلیپ تیلمان (١٦٨١-١٧٦٧):**

-سویتەکانی ئۆرکێسترا: تێلێمان زیاتر لە ١٢٠ پارچە موزیکی لە جۆری سویتی ئۆرکێسترای لەسەر بنەمای سەماکانی وەکو ئەلماندا، کورانت، گاڤۆت، بۆرێ، مینوێت و گیگ نووسیوە، دیارترینیان بریتین لە ( Burlesque de Quixotte)، (D Major for Strings and Basso Continuo). ئۆڤەرتیور لە می ماینەر، ئەم سویتە چەندین جووڵەی سەمای جۆراوجۆری تێدایە.

-کۆنشێرتۆی پۆلۆنی (Polonis Concerto): ئەم بەرهەمە ڕیتم و میلۆدی سەما فۆلکلۆرییە پۆڵەندییەکانی لەخۆگرتووە.

-کارە سۆلۆکانی بۆ موزیکی ژوور: بە تایبەت ١٢ ڤانتازیاکەی کە بۆ سۆلۆی فلۆت نووسیویەتی، هەروەها چوارینەکان کە لە پاریس نووسیویەتی، کە فۆرمەکانی سەمای فەرەنسی لەگەڵ دژە خاڵی ئەڵمانی و لیریکی ئیتاڵی تێکەڵ کردووە.

### ٣.٣.٣.٢ ئەنتۆنیۆ لۆسیۆ ڤیڤاڵدی (١٦٧٨-١٧٤١):

- چوار وەرزەکە (Four Seasons): بریتییە لە سۆلۆی کەمان لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێدار و باسۆ کۆنتنیۆ. کە دیمەنەکانی سروشت بە هۆی سەمای گیگ پیشان دەدات.
- LEstro Armonico, Op. 3، ئەم کۆنشێرتۆیانە، ڕیتمەکانی سەمای ساراباند و کۆرانت لەخۆدەگرن. کۆنشێرتۆی ژمارە ١ لە ڕێ مێجەر دیارترین نموونەیە.
- موزیکە ژوورەکانی ( chamber music) بە تایبەتی تریۆ سۆناتاکان و سۆناتاکانی چەلۆ، فۆرمەکانی سەمای فۆلکلۆری وەک: گیگ، مینۆت و گاڤۆت، لەخۆدەگرن.
- بەرهەمە ئۆپێرا و دەنگییەکانی، بەتایبەتی ئۆپێراکانی وەک (La Silvia and Orlando Furioso). سەماکانی ڤینیزیا لەخۆدەگرن. (Lawson & Stowell, 1999)

### ٤.٣.٢ ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی دانەرانی سەردەمی کلاسیک

تێکەڵکردنی میلۆدی گۆرانی فۆلکلۆری لە موزیکی کلاسیکدا، نوێنەرایەتی یەکتربڕینی میراتی کولتووری و داهێنانی هونەری بەیەکەوە کرد. ئەم پراکتیزەیە بە درێژایی مێژووی سەردەمەکە تابلۆییەکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و کەلەپووری لە موزیکدا بەرجەستە کرد. میلۆدییە لادێییە ئەڵمانی و سلاڤییەکان لە سیمفۆنیاکانی بیتهۆڤندا، دیمەنی ڕەسەنایەتی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ناوچەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، لە هەمان کاتدا ڕەهەندەکانی نوێخوازی و داهێنانی بەرجەستە کردووە. سیمفۆنیای ژمارە ٦ بەناوی (سیمفۆنیای پاستوراڵ)، کە دیمەنە گوندنشینەکان و سەمای جووتیارانی لادێکانی ئەڵمانیامان بەبیر دەهێنێتەوە، باشترین نموونەی یەکگرتنی گۆرانی کەلەپووری و موزیکی کلاسیکییە.(Dahlhaus, 1989)

چوارینە ژێداری (جۆزێف هایدن) بەناوی (ئیمپراتۆر)، نموونەیەکی دیکەیە، کە ئاوازەکەی لە سرودێکی نیشتمانی نەمسایی وەرگرتووە و دواتر وەک سروودی نیشتیمانی ئەڵمانیا دەستنیشان کرا، هەروەها لە سیمفۆنیای ژمارە ١٠٤ دا، کە بە سیمفۆنیای لەندەن ناسراوە. لە کۆتاییەکەیدا گۆرانییەکی فۆلکلۆری کرواتی بەکارهێناوە، بەهۆیەوە شوناس و ناسنامە و ڕەسەنایەتی کولتووری کرواتی ڕژاندۆتە نێو بەرهەمەکە. هەروەها ئۆپێراکانی ڤۆلفگانگ ئامادێوس مۆزارت، ئاوێتەیەکن لە گۆرانی و سەما بەناوبانگەکانی شاری سالزبۆرگی زێدی خۆی، کە نەریتە فۆلکلۆرییە ناوخۆییەکانی بە شێوەیەکی ئاسان تێکەڵ بە فۆرمە موزیکییە کلاسیکییەکان کردووە. جگە لەمە هەندێک لە ئۆپێراکانی لەسەر بنەمای ئاریاکان پێک هێناوە، بۆ نموونە لە بەرهەمی (فلوتی ئەفسوناوی) دا، کە بۆ تریۆی پیانۆ نوسیویەتی، ژیرانە ئاوازە بەناوبانگەکانی شاری ڤیەننای تێکەڵ کردووە، هەروەها لە کۆنشێرتۆی کەمان ژمارە (٥) لە پەیژەی (A major) دا، کە بە (Turkish Concerto) ناسراوە، سۆناتای پیانۆ ژمارە (١١) لە ( A major) کە بە (Alla Turca) ناسراوە، موزیکی سەربازیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەکارهێناوە. بێگومان تێکەڵکردنی میلۆدی گۆرانی لەلایەن دانەرانی سەردەمی کلاسیکەوە، کاریگەرییەکی نەپچڕاوی لەسەر ڕێڕەوی بزووتنەوە موزیکییەکانی دوای خۆی بەجێهێشت، ئەم ڕێبازە بەردی بناغەی لە باوەش گرتنی میلۆدی فۆلکلۆری لە سەردەمانی دوای خۆی دانا. (Snyder, 2003)

### ٥.٣.٢ ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا

سەردەمی ڕۆمانتیک، ماوەی نێوان (١٨٠٠-١٩١٠) لە سەدەی نۆزدەهەم دەگرێتەوە. بە چالاکترین سەردەمی بەکارهێنان و تێکەڵکردنی توخمە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکان لە موزیکدا دادەنرێت، بەتایبەتی لە (١٨٥٠) بەدواوە، گۆرانکارییە کولتووریەکانی ئەوروپا و سەرهەڵدانی بزووتنەوە سیاسییەکان بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتن و شانازیکردن بە ناشیۆنالیسزم، وای لە موزیکدانەران کرد، کە لە سەرانسەری ئەورووپادا ڕێبازی تێکەڵکردنی میلۆدی و ڕیتم و سەما فۆلکلۆری و ڕەسەنەکان لە بەرهەمەکانیان لە پێناو ناساندنی ناسنامەی نەتەوەکانیان

بگرنەبەر. بۆ ئەم مەبەستە، (فریدریک شۆپین لە پۆڵەندا، ئیدڤارد گریگ لە نەرویج، ئەنتۆنین دڤۆراک لە بۆهێمی و بێدریک سمێتانا لە چیک)، ڕۆڵی کارایان بینی. جگە لە ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی، ئامانجی موزیکدانەرانی ڕۆمانتیک، لە تێکەڵکردنی ئەم توخمانە، کاراکردنی تاک ژەنی ئامێرەکان و زیادکردنی سۆزداری بوو لە موزیکدا. ناشیۆنالیزم و ناسنامەی کولتووری، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی ناشیۆنالیزمی ڕۆمانسی هاوکات بوو، ڕۆڵی گەورەی لە وڵاتە ژێردەستەکانی وەک بۆهێمی، هەنگاریا و سکاندیناڤیادا گێڕا. بۆ نموونە موزیکدانەرانی بەریتانی میلۆدی و ڕیتمە کۆنەکانی (هیند و ئەوروپی) یەکانیان لە موزیکدا بەکارهێنا و هەستێکی میرات و نەریتی ئینگلیزیبوونیان ڕژاندە نێو موزیک. یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی خستنەکاری گۆرانی و سەما فۆلکلۆرییەکان، گەڕان بەدوای تازەگەری بوو. کە سەردەمی ڕۆمانتیک بە شتە نامۆ و ئاوازەکان سەرسام بوو. بۆ ئەم مەبەستە موزیکی فۆلکلۆری ناوچە جیاوازەکان، بیرۆکەی جیاواز و نوێی پێشکەش بە موزیککاران دەکرد. دانەران بە تێکەڵکردنی ئەم توخمانە، کێش و ڕیتمی ئاڵۆز و هەمەجۆریان ڕژاندە نێو بەرهەمەکان و موزیکێکی نەتەوەیی تازە و داهێنەرانە و جیاوازییان لە نەریتە  موزیکییەکانی سەردەمی ڕۆمانتیک پێشکەش کرد.

لە لایەکی ترەوە تێکەڵکردنی ئەم توخمە فۆلکلۆرییانە، فۆرمەکانی موزیکیان دەوڵەمەند کرد، بەتایبەت مازورکا، پۆلۆنایز و چارداش. بە چەسپاندنی ئەم توخمە فۆلکلۆرییانە لە سیمفۆنیا و کۆنشێرتۆ و موزیکی ژووردا. دانەرانی ڕۆمانتیک نەک هەر تەنیا ئاهەنگیان بە میراتەکانیان گێڕا، بەڵکو مەودای دەربڕین و پانتایی تەکنیکی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوایان دەوڵەمەندتر کرد. ئەمەش ڕێگەی بۆ دانەرانی سەدەی بیستەم خۆشکرد، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی زیاتر لەسەر نەریتە فۆلکلۆرییەکان بکەن.(Samson, 2002)

سەردەمی ڕۆمانتیک بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت، لێرەدا دیارترین بەرهەمەکان لە هەر قۆناغێک دەخەینەڕوو، کە لەسەر بنەمای میلۆدی و سەما و ڕیتمی گۆرانی کەلەپووری بونیاتنراون.

### ١.٥.٣.٢ موزیکدانەرانی سەرەتای سەردەمی ڕۆمانتیک (١٨٢٠–١٨٥٠):

**١. فرانز پیتەرشوبێرت Franz Peter Schubert (١٧٧٩–١٨٢٨):** فرانز شوبێرت، موزیکدانەرێکی (نەمسا) یيە، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٧٩٧–١٨٢٨) دا ژیاوە. بەرهەمەکانی بە میلۆدییە لیریکییەکان و جوانی هارمۆنی جیا دەکرێتەوە، لە گۆرانییە هونەرییە ئەڵمانییەکانیدا، سوودی لە میلۆدی و سەمای ئەڵمانی و نەمسایی وەرگرتووە. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە:

▪ سویتە سەماییەکانی پیانۆ بە ناوی (Landler, D)، کە لە 34 سەمای کورت پێکهاتووە، وەک یەک سویت پێکەوە کۆکراونەتەوە و بە یەک بەش لە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو پێشکەش دەکرێن. لە سەر بنەمای سەمای نەمسایی داڕشتوون.

▪ سویتە سەماییەکانی پیانۆ بەناوی (German Dances)، کە ١٢ سەمای کورتن لەسەر بنەمای سەما ڕەسەنە ئەڵمانییەکان، لەگەڵ ئەوەی کارەکتەریان جیاوازە، بەڵام بە یەک بەش لە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو پێشکەش دەکرێن.

▪ گۆرانییە دانراوە یەک بەشیەکانی کە لەسەر بنەمای سەمای ڕەسەنی ئەڵمانی بونیاتی ناون. دیارترین نموونە Die shone Mullerin.

**٢. فێلیکس مێندێلسۆن Felix Mendelssohn ( ١٨٠٩–١٨٤٧) ئەڵمانیا:**

▪ Symphony No. 3 in A minor, Op. *56 (*Scottish Symphony*)* ڕەنگدانەوەی کولتوور و مێژووی سکۆتلەندایە، تێکەڵەیەکە لە فۆلکلۆری سکۆتلەندی و شێوازی ڕۆمانسی، کە لە ساڵی ١٨٢٩ نووسیویەتی.

▪ Symphony No. 4 in A Major, Op. 90 *(*Italian Symphony*)*

ڕەنگدانەوەی وزە و کولتووری ئیتاڵیایە، موزیکی فۆلکلۆری ئیتاڵی و ڕیتمی سەما زیندووە ئیتاڵییەکان لەخۆدەگرێت. کە لە ساڵی ١٨٣٣ نووسیویەتی.

▪ **Songs Without Words** (Lieder ohne Worte, various Opus numbers) **:** ٤٨ پارچە موزیکی پیانۆیە بە شێوەی زنجیرە، فۆرمی سادە و لیریکین.

▪ String Symphony No. 11 in F Major: ئەم سیمفۆنییە بۆ ئۆرکێسترای ژێدار بە شێوازی کلاسیک لەسەر بنەمای سەمای مەنەوێت نووسراوە.  (McCorkle, 1985)

**٢.٥.١.٣.٢ موزیكدانەرانی قوناغی ناوەڕاستی سەردەمی ڕۆمانتیك (١٨٥٠–١٨٨٠):**

**١. یۆهانس برامس (Johannes Brahms):** لە ماوەی نێوان ١٨٣٣–١٨٩٧ دا لە ئەڵمانیا نموونەیەكی دیكەی ئەو دانەرانەیە، كە بەرهەمەكانی لەسەر بنەمای میلۆدی و سەما كەلەپوورییەكان بونیات ناوە. دیارترین بەرهەماكانی بریتین لە:

- سەمای هەنگاری (Hungarian Dances) ٢١ پارچە موزیكن ١٠ بۆ سۆلۆی پیانۆ چوار دەستی و ١١ بۆ ئۆركێسترا، لەسەر بنەمای فۆلكلۆری هەنگاری.
- Symphony No. 1 in C minor, Op. 68 (1879) ، لە دوا جووڵەدا سەمای فۆلكلۆری ئەڵمانی بەكارهێناوە،
- Symphony No. 3 in F major, Op. 90 (1883) ، لە جووڵەی دووەمدا، سەمای فۆلكلۆری نەمسایی بەكارهێناوە.
- Piano Pieces (Op. 116–119) ، لەم سۆلۆی پیانۆیانە، سەمای كەلەپووری ڤالز و مازوركا ی بەكارهێناوە.
- Piano Quintet in F minor (Op. 34) ، چوارینە ژێدارەكانی، ڕیتمەكانی سەما (پۆلۆنیز و مازوركا) ی بەكارهێناوە.

**٢. ئێدڤارد گریگ Edvard Hagerup Grieg (١٨٤٣–١٩٠٧) نەرویج:** گریگ لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا برەوی بەكارەكەی دا ، بەڵام كاریگەرییەكانی تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوام بوو. سویتی پیر جینت و سەمای نەرویجی (Norwegian Dance, Op. 35) كە لە ساڵی 1881 نووسیویەتی. دوو نموونەی نایابی بەرهەمەكانیەتی، كە ئیلهامیان لە بابەتەكانی فۆلكلۆری نەرویجی دایە. (Benestad,1988) سویتی بە ناوی ( Old Jean Suites) ، كە لە ساڵی ١٨٧٥ بۆ گروپی ئۆركێسترا نوسیویەتی. كە ئیلهامی ئەم سویتەی لە شانۆنامەكەی ئیبسن، توخمە فۆلكلۆرییەكانی نەرویج وەرگرتووە. كە ئامێرە ژێدارەكان و فودارە مسی و تەختەییەكان ڕۆڵی سەرەكی نمایش دەگێڕن. (Todd, 2005)

**٣.٥.١.٣.٢ موزیكدانەرانی كۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیك (١٨٨٠– ١٩١٠):**

**١. كلۆد دیبوسی Achille-Claude Debussy (١٨٦٢–١٩١٨) فەرەنسا:** هەرچەندە دیبوسی زیاتر پەیوەندی بە قوتابخانەی ئینطیباعی (Impressionism) هەبوو، بەڵام لە كۆتاییەكانی ڕۆمانتیك و سەرەتای سەدەی بیستەم بە تێكەڵكردنی موزیكی فۆلكلۆری فەرەنسی و ڕیتمی سەما فۆلكلۆرییەكان ناسراوە. بەناوبانگترین بەرهەمەكانی بریتین لە:

- پارچە موزیكی (pictures) كە سویتێكە بۆ ئۆركێسترا لە سێ جووڵەدا، لە جووڵەی دووەمدا بە ناوی ئیبێریا (Iberia). ڕیتم و تامی میلۆدی فۆلكلۆری ئیسپانی تێدا بەدی دەكرێت. وێنایەكی زیندووی لە شەقامە جەنجاڵەكانی ئیسپانیای پیشان داوە.
- سویتی بێرگامسك (Bergamsk) كە لەساڵی ١٨٩٠ دا بۆ سۆلۆی پیانۆ نووسیویەتی، لە ڕێگەی ڕیتمە وردەكان و وێنە گوندنشینەكان، سەما و كەشوهەوای فۆلكلۆری فەرەنسی بەبیر دەهێنێتەوە. (Taruskin, 1997)
- La Mer (دەریا): ئەم بەرهەمە كارێكە بۆ ئۆركێسترا لە سێ جووڵە پێكهاتووە،
  Prelude a lapres-midi dun faune: بە فۆڕمی سیمفۆنیك پۆیم كە دیبۆسی لەساڵی ١٨٩٤ لەسەر بنەمای نووسیویەتی گۆرانی نەریتی فەرەنسی. (Roberts, 1996)

**٢. گوستاڤ ماهلەر Gustav Ludwig Mahler (١٨٦٠–١٩١١) نەمسا:**

- (Des Knaben Wonder horn)، كۆمەڵێك گۆرانی ئۆركێسترایە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٩٢–١٩٠١) دا، لەسەر بنەمای شیعر و میلۆدی فۆلكلۆری ئەڵمانی نووسیویەتی، كە هەستێكی لادێیی پیشان دەدات.
- سیمفۆنیای ژمارە ١، كە لە ساڵی (١٨٨٨) دا نووسیویەتی، لە جووڵەی سێیەم دا، ئاوازێكی فۆلكلۆری فەرەنسی بە ناوی Frear Jack ی تێكەڵكردووە، كە تەواوی ڕەنگەكانی ئۆركێسترای بۆ دروستكردنی كاریگەری لادێیی و خۆشەویستی بەكارهێناوە.

**٣. یۆهان جولیۆس کریستیان سیبێلیۆس Johan Julius Christian Sibelius (١٨٦٥-١٩٥٧) فینلاند:**
له فینلەندا ژان سیبێلیۆس بە موزیکدانەری تێکەڵکردنی فۆلکلۆری فینلەندی و توخمە نەتەوەییەکان لە بەرهەمەکانیدا ناسراوە. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە سویتی کاریلیا (١٨٩٣)، فینلاندیا (١٨٩٩) بۆ ئۆرکێسترا، تیایدا میلۆدی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی فینلاندی ناوچەی کاریلیانی بەکارهێناوە، کە ژێدارەکان، فودارە مسی و تەختەییەکان، ڕۆڵی کارا لە نمایشی بەشە فۆلکلۆرییەکاندا دەبینن. (Musgrave, 2003)

## ٦.٣.٢ پێگەی ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری لە موزیکی سەدەی بیستەم.

لە سەدەی بیستەمدا، موزیکدانەرانی جیهان لە پێناو ناساندن و دەربڕینی ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی ڕوویان لە بەکارهێنانی میلۆدی و ڕیتمە فۆلکلۆرییەکانی زێدی خۆیان و وڵاتانی دیکە لە بەرهەمەکانیاندا دەکرد. ئەم ڕێبازە بەردی بناغەی شێوازی ناسیۆنالیزمی موزیکی لە سەرەتای سەردەی بیستەمدا دانا. موزیکدانەرانی وەک: (بیلا بارتۆک و زۆڵتان کۆدالی لە هەنگاریا، مانوێل دی فالا لە ئیسپانیا، ڕالف ڤۆگان ویلیامز لە ئینگلتەرا و جان سیبیلیۆس لە فینلاند)، بە بەکارهێنانی ئاوازی فۆلکلۆر و فۆرمی سەما و ڕیتمە ڕەسەنەکان، جەختیان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کردەوە. بۆ نموونە بارتۆک و کۆدالی کاری مەیدانی بەرفراوانیان بۆ کۆکردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان ئەنجامدا و زیاتر لە حەوت هەزار گۆرانیان کۆکردەوە و زۆربەی ئەم گۆرانیانەیان بە نۆتە نووسییەوە و لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێنان و بەهۆیەوە تایبەتمەندییە ناوچەییە ڕەسەنەکانیان پاراست. لە ڕوسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، موزیکدانەرانی وەک (ئیگۆر ستراڤینسکی و مۆدێست موسۆرگسکی) فۆلکلۆری ڕوسی و ڕێوڕەسمەکانی نوێژ و پەیژ و مۆدەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان لە بەرهەماکانیاندا بەکارهێنا.
لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، توخمە فۆلکلۆرییەکان لە هەر دوو شێوازی موزیکی مۆدێرنیزم (Modernism) و ئەزموونگەری (Empiricism) دا ڕۆڵی گەورەیان بینی. ڕیتمە ناوازە و شێوازە ڕیتمە دەوڵەمەندەکان کە لە موزیکی فۆلکلۆریدا هەبوون، کران بە توخمێکی جەوهەری بەرهەمەکان. بۆ نموونە ئۆلیڤیێر مێسیەن لە فەرەنسا، ڕیتمە ئاڵۆز و هەمەجۆرەکانی موزیکی هیندی و ڕەنگ و شێوازە تۆناڵییەکانی موزیکی فۆلکلۆری یۆنانی بەکارهێنا. لە هەمان کاتدا ئارۆن کۆپلاند لە هەنگاریا، میلۆدی فۆلکلۆری ئەمریکی بەکارهێناوە و ژیانی گوندنشینانی ئەمریکی بە هارمۆنی نوێ نمایشکرد. دوای جەنگی جیهانی دووەم، (بنیامین بریتن و مایکل تیپێت) لە بەریتانیا، بە شێوازێکی مۆدێرن لە بەرهەمەکانیاندا، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیان پاراست و هەردوو چەمکی نەریت و هاوچەرخیان بەیەکەوە گرێدا.
لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا شێوازی مینیمالیزم، سەرچاوەی بوژانەوەی فۆلکلۆر و کولتوورە جیهانییەکان بوو. موزیکدانەرانی وەک: (فیلیپ گلاس، ستیڤ ڕیش و تێری ڕایلی)، لە موزیکە مینیمالیزمییەکانیاندا، نەریتی فۆلکلۆری (ئەفریقی، هیندی و ئەندەنوسی) یان بەکارهێنا. بۆ نموونە ستیڤ ڕیش لە داڕشتنی بەرهەمەکانیدا، سوودی لە ڕیتمەکانی تەپڵ لێدانی ئەفریقی و پێکهاتەکانی گامێلان (موزیکی ئامێریی ئەندەنوسی) وەرگرتووە، کە لە ڕیتم و تەکنیکەکانی ئەم گەلانە موزیکێکی مینیمالیزمی مۆدێرن و ئیلهام بەخشی دروست کردووە. لەگەڵ زیادبوونی گەشتە جیهانییەکان، کاریگەری کولتوورە جیاوازەکانیش بە موزیکی یەکتردا بڵاوبۆوە. بووە هۆی ئەوەی موزیکدانەران توخمی فۆلکلۆری دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیان تێکەڵ بە بەبەرهەمەکانیان بکەن. (لوسیانۆ بێریۆ) لە ئیتاڵیا لە بەرهەمە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیدا، میلۆدی فۆلکلۆری ئەرمینیا و ئەمریکا و ئازەربایجان و زۆربەی کولتوورەکانی تری بەکارهێناوە و موزیکی وەک زمانێکی گشتگیر سەلماند و پردی پەیوەندی نێوان کولتوورە جیاوازەکانی داڕشت و سنوورە کولتوورییەکانی شکاند و لەیەکتری نزیک کردنەوە.
توخمە فۆلکلۆرییەکان لە موزیکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، لە نێو موزیکی فیلم و ڕۆک و جازیش بوژانەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینی. بەتایبەتی لە دوای شەستەکانی سەدەی بیستەم کاتێک هونەرمەندانی (وەک بۆب دیلان، جوان بایز و جۆنی میچڵ) نەریتە فۆلکلۆرییەکانیان خستە ناو ڕۆک و پۆپەوە. تیپەکانی وەک بیتڵز و ڕۆڵنگ ستۆن تاقیکردنەوەی بەرچاویان لەسەر موزیکی فۆلکلۆری هیندستان دا کرد. لە موزیکی فیلم دا بەرهەمەکانی (ئینیۆ مۆریکۆن) لە ئیتاڵیا بابەتگەلێکی ئیلهام بەخشی فۆلکلۆرییان لە پێناو پاراستنی میراتی ئیتالی لەخۆگرت. بۆ

نموونە توخمەکانی موزیکی فۆلکلۆری نەریتی ئیتاڵی لە نۆتەکانی وەک سینەما پارادیسۆدا بەکارهێناوە. (Morgan, 1991)

**کاریگەرترین دانەرانی سەدەی بیستەم لە بەکارهێنانی توخمە کەلەپوورییەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:**

**١. مانوێل دی فالا Manuel de Falla y Matheu (١٩٣٧-١٩٨٨) ئیسپانیا:**

- El amor brujo (The Bewitched Love, 1915) ، پارچەیەکە لە جۆری بالێ گۆرانی بە یاوەری ئۆرکێسترا، بە بەکارهێنانی موزیکی فۆلکلۆری ئەندەلوس، بەتایبەتی ڕیتمی فلامینکۆ.
- Noches en los jardines de Espana1916، شەوان لە باخەکانی ئیسپانیا، پارچەیەکە لە جۆری سیمفۆنی، بە بەکارهێنانی موزیکی فۆلکلۆری ئەندەلوسی.
- El sombrero de tres picos (The Three-Cornered Hat, 1919) ، کڵاوی سێگۆشەیی، بەرهەمێکی بالێیە لەگەڵ ئۆرکێسترا. بە بەکارهێنانی fandangos, seguidillas, jotas، کە سێ سەمای ڕەسەنی ئیسپانیین.
- Siete canciones populares españolas، حەوت گۆرانی بەناوبانگی ئیسپانیین بۆ سۆلۆی دەنگ و پیانۆ، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک گۆرانی فۆلکلۆری ئیسپانی.(Clarke, 1992)

**٢. ئۆلیڤێر مێسیاین Olivier Eugène Prosper Charles Messiaen (١٩٠٨-١٩٩٢) فەرەنسا:** لەگەڵ ئەوەی مێسیەن تەواوی ژیانی سەرسامی باڵندە بوو، دەنگی باڵندەکانی لە سروشتەوە وەردەگرت و و نووسیویەتیەوە، وەک میلۆدی و هێمای جوانی و خودایی سروشت دەی کردە ئیلهامی دارشتنی بەرهەمەکانی، بەڵام لە تێکەڵکردنی فرە ڕیتمییەکانی موزیکی هیندی و ئەفریقییەوە ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. دیارترین بەرهەمی بریتییە لە Quatuor pour la fin du temps، کە پێکهاتەی ڕیتمە ئاڵۆزەکانی هیندی تێدا بەرجەستە کردووە. (Hill, 1995)

**٣. پییێر بۆلێز Pierre-Louis Boulez (١٩٢٥-٢٠١٦) فەرەنسا:** هەرچەندە زیاتر لە شێوازی ئاڤانگارد کاری کردووە، بەڵام بۆلێز توانی موزیکی فۆلکلۆری کولتووره جیاوازەکان بخاتە ناو بەرهەمەکانییەوە.

**٤. هاریسۆن بیرتویسڵ Harrison David Birtwistle (١٩٢٤-٢٠٢٢) ئینگلتەرا:** بیرتویسڵ توخمە فۆلکلۆری و میلییە ئینگلیزییەکانی تیکەڵ بە تەکنیکە مۆدێرنیستەکان لە بەرهەمەکانیدا کردووە، بەتایبەتی بەکارهێنانی پێکهاتە ڕیتمییەکان و میلۆدییە فۆلکلۆرییەکان. ئۆپێراکانی وەک (دەمامکی ئۆرفیۆس و سەرکەوتنی کات) دیارترین دوو نموونەن لەم بارەیەوە. (Jamieux, 1991)

**٥. ڕالف ڤۆگان ویلیامز Ralph Vaughan Williams (١٩٨٧-١٩٥٨) بەریتانیا:**

- Norfolk Rhapsodies (1906, 1914) کۆمەڵێک بەرهەمی ئۆرکێستران، لەسەر بنەمای گۆرانی فۆلکلۆری ئینگلیزی.
- English Folk Song Suite (1933) ، سویتێکە بۆ ئۆرکێسترا، کە چەندین گۆرانی فۆلکلۆری ئینگلیزی بەکارهێناوە.
- Fantasia on Greensleeves (1934) ، ئۆرکێسترا لەگەڵ هارپ یان پیانۆ لەسەر بنەمای گۆرانی ئینگلیزی.
- ئۆپێرای Hugh the Drover (1814) لەسەر بنەمای گۆرانی و سەمای ئینگلیزی.(Frogley, 1999) .

**٦. جۆزێف مۆریس ڕاڤێل Joseph Maurice Ravel (١٨٧٢-١٩٢٧) فەرەنسا:**

- Bolero (1928) ، بەرهەمێکە بۆ ئۆرکێسترا لەسەر بنەمای فلامینگۆی ئیسپانی.
- Rapsodie Espagnole (1907) ، بەرهەمێکە بۆ ئۆرکێسترا لەسەر بنەمای گۆرانی فۆلکلۆری ئیسپانی.
- Alborada del Gracioso (1905, orchestrated 1918) ، بۆ پیانۆ سۆلۆ دواتر کردی بە ئۆرکێسترا، ڕیتمەکانی سەمای ئیسپانی. (Ornstein, 1991)

**٧. ئێدوارد بنیامین بریتن Edward Benjamin Britten (١٩١٣-١٩٧٤) بەریتانیا:**

- ڕێورەسمێک لە کارۆلەکان (١٩٤٢)، (A Ceremony of Carols)،
- گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان Folk Song (١٩٤٣-١٩٧٦)، بۆ پیانۆ و سۆلۆی دەنگ. لەسەر بنەمای گۆرانی فۆلکلۆری ئیرلەندی و سکۆتلەندی و ئینگلیزی.

- ئۆپێرای Peter Grimes (1945)، ئۆرکێسترای ژێدار Simple Symphony (1934)، ئۆپێرای A Midsummer Night's Dream (1960)، بە ناوبانگترین بەرهەمەکانن کە لەسەر بنەمای میلۆدی و سەمای فۆلکلۆری ئینگلیزی نووسیویەتی.(Carpenter, 1992)

بەکورتی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، موزیکدانەرانی ئەوروپای ڕۆژئاوا توخمە فۆلکلۆرییەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر و تاقیکاری بەکاردەهێنا، لە کاتێکدا هەندێکیان بابەتە فۆلکلۆرییەکانیان لە فۆرمە تەقلیدییەکانیاندا بەکارهێنا، هەندێکی تر لە چوارچێوەی تەکنیکە ئاڤانگاردەکان و مینیمالیزم و زمانە تۆناڵییە نوێیەکان میلۆدی سەما و ڕیتمە نەریتییەکانیان پێشخست. ئەم قۆناغەی دووبارە لێکدانەوە و داهێنان بەردەوام بوو لە میراتی وڵاتان و ناسنامەی کولتوورییەکانیان، لە چوارچێوەی مۆدێرن و جیهانگیریدا.

**٣. شیکردنەوە: شیکردنەوەی پارچە موزیکی Die Forelle فرانز شوبێرت:**

پارچە موزیکی بەناوی Die Forelle، پارچەیەکی موزیکی کورتە بۆ سۆلۆی پیانۆ و دەنگ، کە موزیکدانەری نەمسایی فرانز شوبێرت، لەسەر بنەمای گۆرانییەکی ڕەسەنی کەلەپووری نەمسایی لە ساڵی 1817، کە لە دەقێکی شیعری شاعیری نەمسایی کریستیان فریدریش دانیال شوبارت، نووسیویەتی. لە خوارەوە چۆنیەتی خستنەکاری گۆرانی و ڕیتمەکەی لە پارچەکەدا شی دەکەینەوە.

**١.فۆرم:** پارچەیەکی یەک بەشییە بە فۆرمی سترۆفیک (Strophic).

**٢.جۆری ڕیتمە فۆلکلۆرییەکە کە بەکارهاتووە:** پارچەکە بە کێشی ٤/٣، کە هەستێکی چالاک و پڕی لەسەر بنەمای ڕیتمی سەمای لاندلەر (Landler)، کە سەمایەکی فۆلکلۆری نەمساییە بونیاتناوە. ئەم سەمایە کاراکتەرێکی نەرم و لە هەمان کاتدا هەست بزوینی هەیە، زۆرجار هاوشێوەی مەلەکردنی ماسی سەلەمون لەنێو ئاودا وەسف دەکرێت. شۆبێترت بەرجەستەکردنی کارەکتەری ئەم سەمایەی لەڕێگای بەکارهێنانی ڕیتمە سینکۆپ ئامێزەکان لە دەستی چەپی پیانۆکەدا بەکارهێناوە، بۆیە کە گوێ لە پارچەکە دەگرین، هەست دەکەین، کە شۆبیرت شێوازی دەنگی شەپۆلی ئاوی لە پارچەکەدا بەرجەستە کردووە.

**٣. بونیاتی میلۆدی:** لە ڕووی شێوەی بونیاتنانی میلۆدییەوە، شۆبێرت میلۆدییەکەی بە شێوەیەکی ستاندار لە چوار باڕی دارشتووە، بۆ ئەوەی بەئاسانی لەگەڵ پێکهاتەی کێشی شیعرەکەدا بگونجێت و کارەکتەر و هەستی فۆلکلۆری خۆی لەدەست نەدات. سەرەتا میلۆدییەکە بە شێوەی سادە و هەنگاو بەهەنگاو بازدانە بچووکەکان دەستی پێ دەکات. لە پێناو ڕازاندنەوەی میلۆدییەکە دانەر هەندێک وردە نۆتەکانی ڕازاندنەوە و نۆتەی تێپەڕی (passing notes) لە هێڵی دەنگیدا بەکارهێناوە، بەبێ ئەوەی مۆرکە سادەییە فۆلکلۆرییەکەی تێکبدات.

**٤. هاوسەنگی نێوان دەستی ڕاست و چەپ و شێوەی کارلێکی نێوانیان:** دەستی ڕاست کە بەزۆری هێڵی میلۆدییەکە نمایش دەکات، بەڵام لە هەندێک باڕ و شوێندا، کە میلۆدی سەرەکی دەچێتە دەستی چەپ، هێڵی دەستی ڕاست دەبێتە تەواوکەر یان ئاوێنەیەک بۆ تەواوکەری میلۆدی دەنگی. دانەر ئەم تەکنیکەی بەهۆی بەکارهێنانی ئارپێجیۆ و ئەکۆردە شکاوەکان بونیاتناوە، هەروەها دەستی چەپ، کە شێوەیەکی ڕیتمیکی جێگیری وەک بەیزی بەردەوام بە نۆتەی ستاکاتۆ دابین دەکات، بە پاڵپشتیەکی سادە و پتەو هەندێک جار ئەکۆرداتی هارمۆنیش بۆ میلۆدی دەستی ڕاست دابین دەکات. لە ئەنجامدا شوبێرت هاوسەنگییەکی ناسک و تەواو گونجاوی لەنێوان هەردوو دەستەکەدا بەرجەستە کردووە، کە دەستی چەپ چوارچێوەی ڕیتمی و هارمۆنیکی بۆ میلۆدی دەستی ڕاست دابین کردووە.

**٥.داینامیک و ئارتیکولەیشن:** لە ڕووی بەکارهێنانی داینامیک، پارچەکە لە سەرەتادا بە پیانۆ دەست پێ دەکات، دواتر بۆ ئەوەی کارەکتەر و لاسایکردنەوەی دەنگی شەپۆلی ئاو و مەلەکردنی ماسی لەنێو ئاودا بەرجەستە بکات. شۆبێرت لە داینامیکەکانی کریشاندۆ و دیمیناندۆ و هەندێک جار فۆرتی و پیانۆی دژبەیەک بەکارهێناوە. لە بەکارهێنانی ئارتیکولەیشنەکاندا هەردوو جۆری ستەکاتۆ و لێکاتۆی لە پێناو دروستکردنی کۆنتراست لە پارچەکەدا ئاوێتەی یەکتری کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا لە پێناو کۆتایی هێنان بە پارچەکە، وردە وردە پارچەکەی گەڕاندۆتەوە

بۆ پیانۆ پیانۆسیمۆ. بەکورتی شۆبێرت دایناميکی وەک توخمێکی سەرەکی بۆ گونجاندنی موزیک و دەنگ و کێشی شیعرەکە بەکارهێناوە.

**٦.هارمۆنی:** ئەم پارچەیە توانا و کارامەیی شوبێرت لە هارمۆنیدا نیشان دەدات، کە پارچەکە لە پەیژەی رێ بیمۆڵ مێجەر ( D-flat major ) دایە، بەڵام شوبێرت پێکهاتەی هارمۆنیکی بە شێوەیەکی نادیار لە نێوان بەشەکاندا رێک خستووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ گێڕانەوەی پەرەسەندوودا بگونجێت. پارچەکە بە یاوەرییەکی ئارپێجی لە پیانۆدا دەست پێ دەکات، کاریگەرییەکی شەپۆلاوی دروست دەکات، کە بە شێوەیەکی زیندوو لاسایی دەنگی رژانی ئاو لە تاڤگەوە دەکات. لە سەرەتادا جەخت لەسەر پەیوەندی تونیک (I) و دۆمینانت (V) دەکاتەوە، کە شوێنێکی ئارام و شوانکاری دادەمەزرێنێت. دواتر بەهۆی بەکارهێنانی T6(هەڵگەڕانەوەی یەکەمی تۆنیک) هێزی هەڵچوون لە موزیکەکەدا زیاد دەکات، هەروەها بۆ گۆڕینی کارەکتەرە نەرمەکان لە هەندێک بەشی پارچەکەدا، شوبێرت ئەکۆردە باڵادەستەکانی وەک IV یان ii بۆ دروستکردنی هەستی شەپۆلاوی و لاسایکردنەوەی جووڵەی ماسی لەنێو ئاودا بەکارهێناوە، دواتر لە پێناو دروستکردنی کۆنتراست لە پارچەکەدا، هەندێک مۆدێلاتی هارمۆنی چاوەڕوان نەکراوی بەکارهێناوە. بەهۆیانەوە پەڕیوەتەوە پەیژەی سی بیمۆڵ مێجەر (B-flat minor)، کە کاراکتەرێکی تاریکتری ناساندووە، هەروەها بە بەکارهێنانی (ئەکۆردی شەشەمی زیادکراو ی ئەڵمانی)[20] ناتەباییەکی تەواوی دروست کردووە، کە گوزارشتە لە نارەحەتی ماسی لەنێو ئاودا، هەروەها لە رووی بەکارهێنانی کادێنس شۆبێرت لە زۆرشوێن (کادێنسە فریودەرەکان)[21] ی لە پێناو درێژکردنەوەی دەستەواژەکان و دروستکردنی هەستی پێشبینی نەکردن بەکارهێناوە. بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە پیشان بدات، کە ماسی لە کاتی ڕاوکردنیدا ڕادەکات و خۆی لە گرتنی لەلایەن ڕاوچییەوە دەدزێتەوە. لەبەرانبەر ئەمەشدا زۆرجار کادینسە تەواوەکانی وەک (V–I) بۆ جەختکردنەوە لەسەر کۆتایی هاتنی ڕستەکان بەکارهێناوە. لە کۆتاییدا شۆبێرت دوای پێشکەوتنە هارمۆنییەکان و گۆڕانکاری لە پەیژەدا جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە سەر پەیژەی رێ بیمۆڵ مێجەر D-flat major. بەهۆی بەکارهێنانی کادێنسی پلاگاڵ (IV–I)[22] کۆتایی بە پارچەکەی هێناوە.

**ئەنجامی شیکردنەوەکە :** لێرەدا ئەنجامی گشتی ئەم شیکردنەوەیە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا دەخەینەڕوو:

---

[20] ئەکۆڕدی شەشەمی زیادکراوی ئەڵمانی: پێکهاتەی ئەم کۆڕدە لەسەر بیمۆڵی پلەی شەشەمی (♭6) پەیژەی سەرەکی بونیات دەنرێت. بۆ نمونە ئەگەر پەیژەکە دۆ مێجەربێت پێکهاتەی بونیاتی چوار دەبگی کۆردەکە لە دەنگی بەیزەوە بۆ سوپرانۆ پێک دێت لە (A♭– C– F♯–E♭ ). واتە پلەی شەشەمی پەیژە بە بیمۆڵ A♭ لە دەنگی بەیز، پلەی یەکەمی (تۆنیک) ی پەیژە C لە دەنگی تینۆر، پلەی سێیەمی پەیژە بە بیمۆل لە دەنگی ئاڵتۆ، پلەی چوارەمی پەیژە بەدێز F♯ لە دەنگی سوپرانۆ. (Gaulden, 2004)

[21]کادەنسی فریودەر جۆرێکە لە کادەنسی موزیکی، کە زۆرجار لە جێگای ئەکۆڕدی چاوەڕوان کراوی گوێگر بەکاردەهێنریت، لە جیاتی ئەکۆردی تۆنیک ئەکۆردێکی تر جێگەی دەگرێتەوە، ئەمەش سوپرایزێک بۆ گوێگر دروست دەکات و هەستی پێشبینیکراوی گەڕانەوە بۆ تۆنیک تێک دەدات، لای گوێگر تێک دەدات و سۆزدارییەکی پتەو بۆ موزیکەکە زیاد دەکات. بەگشتی ئەم جۆرە کادەنسە لەو کاتانە بەکاردەهێنرێت کە ئەکۆڕدێکی سەرەکی بۆ نموونە دۆمینانت V یان دۆمینانت سێڤن V7 ئەکۆڕدێکی تر جگە لە تۆنیک (I یان i) بەدوای دادێت. زۆرترین ئەو ئەکۆڕدە جێگرە باوانەی کە بەکارهێنراون بریتین لە پەیژەی دۆمێجەر ئەکۆڕدی پلەی پێنجەم لە جیاتی ڕۆیشتنی بۆ پلەی تۆنیک دەڕوات بۆ شەشەم (V → vi)، لە لا ماینەر لە دوای ئەکۆڕدی پلەی پێننجەم لە جیاتی تۆنیک دەڕوات بۆ ئەکۆردی پلەی شەشەم (V → VI). ئەم جۆرە کادینسە لە بەرهەمەکانی مۆتزارت و بتهۆڤن و شۆپین زۆر باوە. (Caplin, 2013)

[22] کادێنسی پلاگاڵ: بریتییە لە گەڕانەوەی ئەکۆردی ژێرزاڵ پلەی چوارەم (IV) بۆ ئەکۆڕدی تۆنیک (I)، ئەم جۆرە کادێنسە بە زۆری لە موزیکی ئاینی لە کلێساکاندا لە سرودەکان بەکارهێنراوە، بۆیە هەندێک جار بە کادەنسی ئامین ناودەبرێت. ئەم جۆرە کادێنسە زیاتر لە پەیژە مێجەرەکان بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە لە پەیژەی دۆ مێجەر ئەکۆڕدی F (IV) → C (I) دەڕوات. ئەم جۆرە کادێنسە کوالیتیەکی نەرمتری هەیە، بەراورد بە کادێنسە سەرەکییەکانی وەک (V–I یان V7–I). (Terry, 2016)

١. لە ڕووی فۆرم و بونیاتەوە، پارچەکە لە فۆڕمی یەک بەشی (Strophic) داڕێژراوە. لەسەر بنەمای میلۆدی گۆرانییەکی سادەی پۆڵەندی، کە بە گۆرانکارییەکەی کەم چەند جارێک دووبارەی دەکاتەوە، بەتایبەتی لە تێمی سێیەم دا.

٢. لە ڕووی ڕیتم و کێش، پارچەکە بەهۆی گۆڕانکارییە دراماتیکییەکانی، کە لەهەندێک بەش چاڵاک و لە هەندێک بەش خاو دەبێتەوە، لاسایی ڕۆتینی ژیانی ماسی سەلەمونە لەنێو دەریادا، بەو پێیەی لەکاتی ئاسییدا هێواش و هێمنە لەنێو دەریادا، بەڵام لەوکاتەی لە لایەن ڕاوچی هێرشی دەکرێتە سەر، بە هەموو شێوەیەک چاڵاکی دەنوێنێت بۆ خۆ دەربازکردن.

٣. لە ڕووی هارمۆنییەوە، پارچەکە پێشکەوتنە هارمۆنییە باوەکەی کلاسیکی پەیرەو کردووە، کە پێشکەوتنەکان لەنێوان پلە گرنگەکانی یەکەم و چوارەم و پێنجەمی (I – V – IV)، هاوتاکانی یاری دەکەن و بەدەگمەن جووڵەی هارمۆنی ناباو و شازەکان بەخۆوە دەگرێت.

٤. لە ڕووی داینامیکەوە پارچەکە بە کەشێکی هێمن و ئارام دەستی پێ کردووە. لەکۆتاییدا کۆنتراستێکی داینامیکی لەناکاو خێرابوون ڕوودەدات، کە ئەمەش دووبارە بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر کاتی کەوتنە نێو تۆڕی ڕاوچییەکە.

٥. ئەم پارچەیە نموونەیەکی درەوشاوە و بەرنامەییە، کە موزیک و شیعر بەیەکەوە واقعی ژیانی ماسی سەلەمون لە ڕێگای تەکنیکە میلۆدی و هارمۆنی و داینامیکەکان لە پارچە موزیکێکدا دەگێڕنەوە.




**وێنەی ژمارە (١) سکۆڕی پارچە موزیکی Die Forelle فرانز شوبیرت**

## ٥.٢دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١. ڕیتم و میلۆدییە کەلەپوورییەکان، بەشێکی گرنگی پێکهاتەی موزیکی دانەرانی ڕۆژئاواییان بەدرێژایی مێژووی موزیکی سەردەمەکان پێک هێناوە.

٢. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆرێک لە وڵاتان ناسنامەی کولتووری خۆیان لە ڕێگای دووبارە بەرجەستەکردنەوەیان لە بەرهەمە موزیکییەکان پاراست. بەتایبەتی وڵاتە تازە پێکهاتووەکان یان ئەو گەلانەی، کە خەباتیان بۆ سەربەخۆیی دەکرد. فۆلکلۆرییان بە ڕێگایەکی خێرا زانی، بۆ ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بە جیهان و چاندنی هەستی ناسیۆنالیزم لە گیانی گەنجەکان و شانازیکردن بە میراتی نەتەوەییان. ئەمە لە وڵاتانی وەک ئیسپانیا گرنگ بوو، کە موزیکدانەرانی وەک (مانوێل دی فالا) تیشکیان خستە سەر موزیکی ئەندەلوسی و ڕۆمانی بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی کولتووری جۆراوجۆری ئیسپانیا، کە موزیکی فۆلکلۆر وەک جۆرێک لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتە باڵادەستە بیانییەکان کاری دەکرد.

٣. پێکهاتەکانی ئەم نەریت و موزیکە فۆلکلۆرییانە، ڕیتم و کێش و نەخش و مۆدی تازەیان پێشکەش بە موزیکدانەران کردووە، کە لە یاسا و بنەماکانی کلاسیکی ڕۆژئاوایی تەواو جیاواز بوون. ئەم فراوانبوونە موزیکییەش، ڕێگەی بە موزیکدانەران داوە، کە تاقیکردنەوە لەسەر کۆمەڵەی نۆتە نائاساییەکان، ڕیتمە ئاڵۆزەکان و هارمۆنی مۆداڵی بکەن.

٤. بەکارهێنانی توخمەکانی ڕیتم و میلۆدی فۆلکلۆری، کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتەوە سەر پەرەپێدانی شێوازە نیشتمانی و ناوچە جیاوازەکان. موزیکدانەران زۆرجار سەما و ڕیتم و میلۆدی کەلەپووری وڵاتەکانیان بۆ ناساندنی ناسنامەی نەتەوەییان لەنێو موزیکی کلاسیکدا بەکاردەهێناوە. ئەمەش زمانی موزیکی جیاوازی لە سەرانسەری ئەوروپادا دروست کرد.

٥. ئەم بابەتە کەلەپووریانە، بەهۆی ئەوەی ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵیان لە دەروونی کۆمەڵگا و ڕێوڕەسمەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی داکوتاوە و سادەیی و ڕاستگۆیی و پەیوەندی پتەویان بە ژیانی گوندنشین و نەریت و خاک هەیە. موزیکدانەرانی ڕۆژئاوا ئەم هەلەیان بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی خەڵک و ڕاکێشانی سەرنجی هەواداری زیاتر بۆ بەرهەمەکانینان قۆستۆتەوە. ئەم ڕێبازە بە تایبەت لە قۆناغەکانی دوای جەنگ زۆر گرنگ و کاریگەر بوو، چونکە دوای تەنگ و چەڵەمەکان جارێکی دیکە خەڵکیان لە کولتوور نزیک کردەوە و یەکێتی نێوان کولتوور و کۆمەڵگایان بونیاتنایەوە. ئەمە جگە لەوەی قوڵایی ڕۆحی و سۆزداری ئەم نەریتە فۆلکلۆری و کەلەپوورییانە، هەستێکی قوڵی سۆزداری بۆ خودی هەندێک لە دانەرانی موزیکیش دابین کرد، بەهۆی ئەوەی بوونی خۆیان تێدا دەبینیەوە.

٦. بێگومان تێکەڵکردنی فۆلکلۆری وڵاتان لە دانراوەکانی سەدەی بیستەمدا، کولتوورەکانی جیهانی لە یەکتری نزیک کردەوە و کاریگەری ئەم کولتوورانەی لەسەر یەکتری زیاتر کرد. بۆ نموونە (ئۆلیڤێر مێسیاین). لە فەرەنسا فۆلکلۆری کولتوورە جیاوازەکانی وەک ڕیتمییەکانی هیندستان و فۆلکلۆری یۆنانی تێکەڵ بە هارمۆنی و دانراوە مۆدێرنەکانی کردووە و پردی پەیوەندی نێوان کولتوورە هەمەچەشنەکانی بونیاتناوە. ئەم تێکەڵبوونەی کولتوورەکان ڕێگەی بە موزیکدانەران دا، لە چوارچێوەی موزیکە پەرەسەندووە مۆدێرنەکانیاندا ڕێز لە نەریتە فۆلکلۆرییەکانی یەکتری بگرن. لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی کاریگەر پردێک لە نێوان نەریتە کۆنەکان و تەکنیکی هاوچەرخەکاندا بونیات بنێن.

٧. لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم و دوای جەنگەکەش، دانەرانی موزیکی کۆمەڵگا ژێر دەستەکان، لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی سڕینەوەی کولتوورەکەیان لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەر، جارێکی دیکە ڕوویان لە موزیکی فۆلکلۆر کردەوە و موزیکی فۆلکلۆریان کرد بە ڕەمزی خۆڕاگری و هاودەنگی بۆ کۆمەڵگاکانیان. دوای ململانێکان، لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا موزیکدانەرانی دوای جەنگ، بۆ ئەوەی میلۆدییە فۆلکلۆرییەکانیان دووبارە بۆ کولتوورەکانی پێش جەنگ بگەڕێننەوە، ژمارەیەکی زۆر بەرهەمیان لەسەر بنەمای میلۆدی و ڕیتمە نەریتییەکان داڕشت.

بەکورتی ڕێبازی بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕیتم ومیلۆدی کەلەپووری، سوودی زۆری بە موزیکی سەدەی بیستەم گەیاند، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی لە کولتووری وڵاتانی نا ئەوروپییەوە خزێنرانە نێو بەرهەمە موزیکییەکان، کە بە موزیکی

ئەورووپای ڕۆژئاوا ڕەسەنایەتییەکی فرەچەشنی نامۆ بوو، بۆیە بەرگێکی نوێی بە بەر پێکهاتە کلاسیکییەکان و موزیکی ئەورووپادا کرد.

### ٦.٢ پێشنیار: لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەران پێشنیار دەکەن:

١. بە مەبەستی ئاشناکردنی قوتابیانی هونەر بە ڕێبازەکانی کارکردنی موزیکی و موزیکدانانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە بەشی موزیکی کۆلێژ و پەیمانگاکانی خوێندنی موزیک، گرنگی زیاتر بە خوێندنی ئەم وردەکارییانەی مێژوو بدرێت.

٢. لە دەزگا ئەکادیمییەکانی خوێندن و وەزارەتی ڕۆشەنبیری گرنگی زیاتر بە میراتی کەلەپووری کوردەواری بدرێت، بۆ ئەوەی ئاواز و ئامێری موزیکی نەریتی کوردی هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئامانجی خۆیان بپێکن.

٣. میلۆدی کوردی بکرێنە پرۆگرامی خوێندن، لە قوتابخانەکان و پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرەجوانەکان بخوێنرین، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوومان بە میراتی باوباپیران ئاشنا بکرێنەوە.

### ٧.٢ ڕاسپاردە:

١. ئێستاش درەنگ نەبووە، موزیککاران و ئاوازدانەرانی کورد چەشنی وڵاتانی ڕۆژئاوا پرۆسەی خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی کوردی لە موزیکدانانی هاوچەرخ کارابکەن و کارە موزیکییەکانیان بکەن بە قەڵغانی پاراستی ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی کولتووری گەلی کورد.

٢. خەمخۆرانی میرات و کەلەپووری گۆرانی و موزیکی کوردی، ئەکادیمیستانی بواری موزیک، پرۆسەی گەڕانی مەیدانی و بە ئەرشیفکردنی ئاوازی ناوچەکانی کوردستان دەست پێ بکەن و دەزگا ڕۆشەنبیرییەکان بە نۆتە بیاننووسنەوە و بیانکەن بە کتێب و چاپیان بکەن.

### ٨.٢ سەرچاوەکان (References)


**٨.٢ ١تێزەکانی دکتۆرا بەزمانی کوردی**

– حوێز، م. أ.، ڕۆڵی ئامێرە موزیکییە ڕۆژهەڵاتییەکان لە موزیکی کوردی کوردستانی عیراقدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستانی عیراق.

– شاکر، أ. غ.، خستنەکاری کەلەپووری گۆرانی لە موزیکی هاوچەرخی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستانی عیراق.

**٢.٨.٢ پەرتووکە عەرەبییەکان**

– أمين، أ. وسليم، ع.، (٢٠٠٢) .الموضوعات الدالكروزية بين النظرية والتطبيق في الإيقاع الحركي .الطبعة الأولى. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

– عبد الله، حسين عبد الله (2012)، *الطباعة في العالم العربي* .القاهرة: دار الثقافة.

- علي، م.، (١٩٨٢) .معجم علم الأصوات .الطبعة الأولى. السعودية، الرياض: مطابع الفرزدق التجارية.

**٣.٨.٢ پەرتووکە ئینگلیزییەکان**

- Adas, M., Stearns, P.N., & Schwartz, S.B. (2015). *Decolonization and Its Legacy.* In *The Cambridge World History.* Cambridge: Cambridge University Press, pp. 395–419. DOI: https://doi.org/10.1017/CBO9781139196079.016
- Atlas, A.W., (1998). *Renaissance Music: Music in Western Europe, 1400-1600.* New York: W.W. Norton & Company.
- Bhabha, H.K., (1994). *The Location of Culture.* London: Routledge.
- Boyd, M., (1993). *Music of the Baroque: An Anthology of Scores.* New York: Oxford University Press.
- Brown, M., (1999). *The Franco-Flemish School: Music in the Netherlands and France in the 15th and 16th Centuries.* London: Routledge.
- Burke, P., (1999). *The Italian Renaissance: Culture and Society in Italy.* 2nd ed. Princeton: Princeton University Press.
- Burkholder, J.P., Grout, D.J., (2019). *A History of Western Music.* 10th ed. New York: W.W. Norton & Company.
- Burkholder, J. P., Grout, D. J., & Palisca, C. V. (2014). *A History of Western Music.* 9th ed. W.W. Norton & Company

- Caldwell, J., (1991). *Music in the Renaissance.* Englewood Cliffs: Prentice Hall.
- Carpenter, H. C. (1992). *Benjamin Britten.* London: Faber and Faber.
- Carter, T. (1997). *Francesco Landini and the Music of the Italian Renaissance.* Chicago: University of Chicago Press.
- Carter, T. and Butt, J., eds., (2005). *The Cambridge History of Seventeenth-Century Music.* Cambridge: Cambridge University Press.
- Clarke, A. R. (1992). *Manuel de Falla and Modernism in Spain: 1898–1936.* Farnham: Ashgate Publishing.
- Cohen, A.J., (2006). *The Evolution of Western Music: A History.* New York: McGraw-Hill.
- Craske, G. (2007). *Indian Sun: The Life and Music of Ravi Shankar.* London: Faber & Faber.
- Gaston, A-M., (2017). *The Temple Tradition in Three Styles of Classical Indian Dance: Bharatanatyam, Odissi and Kathak.* Oxford Centre for Hindu Studies. Available at: https://www.ochs.org.uk (Accessed: 5 December 2024).
- Jamieux, D., (1991). *Pierre Boulez: A World of Harmony.* London: Faber and Faber.
- Johns, A. (2001). *The Printing Revolution in Early Modern Europe.* Cambridge: Cambridge University Press.
- Jourdain, R., (1999). *Music, the Brain, and Ecstasy: How Music Captures Our Imagination.* 1st ed. New York: William Morrow.
- Kang, M.K., (2020). 'Reviving Bharatanatyam: Dance, Identity, and Cultural Transformation in Post-colonial India'. *Journal of Indian Dance Studies,* 13(2). Available at: https://www.researchgate.net (Accessed: 5 December 2024).
- Klaus, S.K., (2017). *Trumpets and Other High Brass: Volume 3, Valves Evolve.* National Music Museum.
- Knaak, K.R., (1989). *Orchestration in the Music of Haydn, Mozart, and Beethoven.* Ph.D. dissertation, University of Michigan.
- Lawson, C. & Stowell, R., (1999). *The Historical Performance of Music: An Introduction.* Cambridge: Cambridge University Press.
- Lena, J.C. & Peterson, R.A. eds., (2012). *The Oxford Handbook of the New Cultural History of Music.* Oxford University Press.
- McCorkle, J. M., (1985). *Nationalism in Music.* Westport, CT: Greenwood Press.
- Morgan, R.P. (1991). *Twentieth-Century Music: A History of Musical Style in Modern Europe and America.* New York: Norton.
- Mudhaffer, Z. (1999). *Jazz Fusion: Cultural Synthesis of Jazz and Other Genres of Music.* In *Music in American Culture.* Fiveable. Available at: https://library.fiveable.me/music-in-american-culture/unit-6/jazz-fusion-contemporary-jazz/guide
- Musgrave, M., (2003). *The Music of Johannes Brahms.* Oxford: Oxford University Press.
- Ornstein, A. (1991). *Ravel: Man, and Musician.* New York: Schirmer Books.
- Roberts, P., (1996). *Claude Debussy.* London: Phaidon Press.
- Rosen, C., (1997). *The Classical Style: Haydn, Mozart, Beethoven.* 2nd ed. New York: W.W. Norton & Company.
- Samson, J. (ed.), (2001). *The Cambridge History of Nineteenth-Century Music.* Cambridge: Cambridge University Press.
- Samson, J. (ed.), (2002). *The Cambridge History of Nineteenth-Century Music.* Cambridge: Cambridge University Press.
- Schulenberg, D., (2001). *Music of the Baroque.* New York: Oxford University Press.
- Schulenberg, D., (2006). *The Keyboard Music of J.S. Bach.* 2nd ed. New York: Routledge.
- Solomon, M. (1998). *Beethoven.* 2nd ed. New York: W.W. Norton & Company.
- Taruskin, R., (1997). *Music and the Politics of Culture in the Romantic Era.* Oxford: Oxford University Press.
- Taruskin, R., (2005). *The Oxford History of Western Music. Volume 1: The Early Music Era: From the Beginnings to 1300.* Oxford: Oxford University Press.
- Taruskin, R., (2010). *Music in the Nineteenth Century.* Oxford: Oxford University Press.
- Taruskin, R., and Gibbs, C.H. (2012). *The Oxford History of Western Music.* College ed. Oxford: Oxford University Press.
- Todd, L., (2005). *Romantic Music: A History of Musical Style in Nineteenth-Century Europe.* New York: W.W. Norton & Company.
- Tyson, A., (2005). *Folk Music and Dance in the Renaissance: The Influence of Popular Culture on Early Music.* Oxford: Oxford University Press.
- Whittall, A. (2003). *Exploring Twentieth-Century Music.* Cambridge: Cambridge University Press.

### ٤.٨.٢ تێزەکانی دکتۆرا بە زمانی ئینگلیزی

- Baker, D. (2019). *The influence of indigenous music on modern world music and contemporary genres.* Doctoral thesis. University of Sydney.
- Dahlhaus, C. (1989). *The Integration of Folk Music in Classical Compositions: A Study of Beethoven's Pastoral Symphony.* PhD Thesis.

- Kang, A.S. (2012). *Musical Chinoiserie.* PhD thesis, University of Nottingham. Available at: https://www.nottingham.ac.uk/research [Accessed 12 December 2024].
- Pannell, R. (2013). *The Didgeridoo: From Traditional to Contemporary Performance.* PhD Thesis. University of Melbourne.
- Snyder, L. (2003). *Folk Music and National Identity in Beethoven's Symphonic Works.* PhD Thesis. University of Michigan.
- Volcansek, F.W. (2001). *The Essercizii Musici: A Study of the Late Baroque Sonata.* Thesis, University of North Texas. Available at: https://digital.library.unt.edu/ark:/67531/metadc331880/ [Accessed 3 Nov. 2024].
- Zohn, S. (1996). *The Virtuoso in Music: A Study of Technique and Artistic Expression.* PhD Thesis. University of California, Berkeley.

**٥.٨.٢ ئارتیكەلەكان**

- McClymonds, M., (2004). 'Hildegard von Bingen: A Medieval Visionary', *Journal of the American Musicological Society*, 57(3), pp. 397-441. doi: 10.1525/jams.2004.57.3.397.

**٦.٨.٢ وتارەكان**

-Hoppin, R.H., (1978). *Medieval Music*. New York: W.W. Norton & Company

**٧.٨.٢ ئینسایكلۆپیدیاكان**

-Encyclopaedia Britannica, *Social Status*, *Encyclopaedia Britannica*, [online] Available at: https://www.britannica.com/topic/social-status [Accessed 24 Dec. 2024].
-Matthews, Max Wade. & Thompson, Wendy. (2004) The Encyclopedia of Music, Musical instruments and the art of music marking, London.

**٨.٨.٢ فەرهەنگەكان**

-Grove, G. (2001). *Grove Dictionary of Music and Musicians*. Oxford: Oxford University Press

**٩.٨.٢ گۆڤارە زانكۆییەكان:**

– عارف، هـ. ط. (٢٠٢٤)، توخمی تۆنالیتی و ئاتۆنالیتی لە موزیكی سەدەی بیستەم: توێژینەوەیەكی وەصفی شیكاری، گۆڤاری زانكۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەرگی ٢٨، ژ. ٦، ل. ٨.

الإيقاع واللحن الاغاني التراثي في الموسيقى الأوروبية الغربية

**هەژار احمد مصطفى**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين–أربيل
،اقليم كوردستان العراق
hazhar.mustafa@su.edu.krd

**چیایی كمال سعدى**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين–أربيل
،اقليم كوردستان العراق
chiey.saddi@su.edu.krd

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى تقديم دراسة وصفية وتحليلية لدور ومكانة الإيقاعات والألحان التقليدية في موسيقى أوروبا الغربية، مع تسليط الضوء على كيفية توظيف وتجسيد هذه العناصر من قبل الملحنين الغربيين عبر الفترات المختلفة من التاريخ الموسيقي. يشكل استخدام الألحان والرقصات الشعبية التقليدية اتجاهاً واسع الانتشار في الموسيقى العالمية، وتُعد أوروبا الغربية من أبرز المناطق التي ساهمت في تطوير هذا الاتجاه. تنبع أهمية هذا البحث من غياب الدراسات الكردية التي تتناول هذه الظاهرة الموسيقية لدى الملحنين الغربيين، ما يشكل حافزاً أساسياً لإجراء هذه الدراسة. يهدف البحث إلى فهم الآليات والأساليب التي استخدمها الموسيقيون الغربيون في دمج العناصر التقليدية مع الموسيقى المعاصرة، مما يقدم دروساً ذات قيمة للموسيقيين الكورد.

إن هذا الفهم يعد خطوة حيوية نحو حماية التراث الثقافي الكردي من الألحان والإيقاعات الشعبية، من خلال إعادة صياغتها بطرق حديثة وتقديمها في أشكال إبداعية على المسرح. كما يهدف البحث إلى تحقيق توازن بين الأصالة والمعاصرة الموسيقية، مع إبراز الهوية الوطنية الكردية على الساحة العالمية.

**الكلمات المفتاحية :** الايقاع، اللحن، الأغنية، الأغنية الثقافية، الموسيقى الأوروبية الغربية.

**Rhythm and Melody in Cultural Songs in Western European Music**

**Hazhar Ahmed Mustafa**
Department of Music, College of Fine Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
hazhar.mustafa@su.edu.krd

**Chiey Kamal Saddi**
Department of Music, College of Fine Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
chiey.saddi@su.edu.krd

**Abstract**

This research is an analytical and descriptive study of the role and position of traditional song rhythms and melodies in Western European music, which provides an overall analysis of the use and embodiment of these elements by Western European composers throughout the periods of Western musical history. The act of employing and embodying traditional melodies and dances is a broad direction of musical work in the music of all the nations of the earth and Western Europe as a pioneer in this field. Of course, the lack of Kurdish research to explain and analyze this practice in Western musicians was the main reason for conducting this study. Because getting acquainted with this way of working is an important task for us Kurds, so that we can preserve our cultural heritage of melodies and rhythms by rewriting them in new forms and bringing them to the stage. At the same time, we must combine the concept of authenticity with musical contemporariness and show our national identity to the world.

**Key words**: Rhythm, Melody, Song, Cultural Song, Western European Music